# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

سالّی بیست و هەشتەم (١٢٨٧)- (٤)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١


# پارتی بە هیچ هێزێك ناچەمێت



## گەلی کوردستان بڕیاری داوە پشتگیریی چ حزبێك دەکات

پارتی نە تەشهیر دەکات و نە وەڵامی زمانی زبر دەداتەوە، بە ئارامی
لە بارەی خۆی و پلان و ستراتیژ و دەستکەوت و بەهاکانی گەلی کوردستان دەدوێ



بۆ داهاتوویێکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...

میژوو و ئەمرۆ ببینە و دەنگ بە
کاندیدانی پارتی بدە

لە پێناو جێبەجێکردنی دەستوور، دەنگ بە
کاندیدانی پارتی دەدەین

لە پێناو قووڵکردنەوەی لێبووردەیی ئاینی، دەنگ بە
کاندیدانی پارتی دەدەین

بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی تێکڕای
هاووڵاتییانی عێراق، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن

سەرکەوتنی پارتی، سەرکەوتنی سیستەمی
فیدرالی و دیموکراسییە لە عێراقدا

بۆ ڕێگرتن لە توندڕەویی ئاینی و مەزهەبی
دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەین

لە پێناو ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا
دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدە





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

# پارتی
# قەڵغانی هەرێم و پارێزەری خەڵکی کوردستانە



ئامینە زکری

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پارتی دیموکراتی کوردستان قەڵغانی کوردستانە و هەرێمی لە دەستدرێژیی تیرۆریستان و داگیرکاران پاراستووە و، بەهیچ شێوەیەك لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان سازشی نەکردووە و، خیانەتی لەم گەلە نەکردووە، هەر ئەمەشە پارتی دیموکراتی کوردستانی جیاواز کردووە لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە، خەڵکی کوردستان باش دەزانن و لەو ڕاستییەش تێگەیشتوون کە مانەوەی پارتی بە دلێری و بەهێزی، واتا نەك تەنیا مانەوەی دەستکەوتەکان، بەڵکو بەدەستهێنانی دەستکەوتی زۆر زیاتر.

وەك ئاشکرایە ئەو دەمەی پارتی لە بەغدا بەهێز بوو، قەوارەی هەرێمی کوردستانی باشتر دەپاراست و دەستکەوتی زیاتری بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر دەکرد، چونکە پاراستنی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی کارەکانی پارتیدایە، بەهێزبوونی هەرێمی کوردستانیش لە عێراقدا، بە فلتەری بەهێزبوونی پارتیدا تێپەڕ دەبێت، جێبەجێکردنی تەواوی مادده و بڕگەکانی دەستوور و دامەزراندنی دامەزراوە فیدڕاڵییەکانی وەکو ئەنجومەنی فیدڕاڵی، کە بە یەکێك لە دامەزراوە هەرە گرنگەکانی پاراستنی مافە دەستووری و یاساییەکانی کوردستان لە بەغدا دادەنرێت، هەموو ئەمانە بەشێکی سەرەکیین لە پرۆگرامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەتی زۆرینە لە عێراقدا دروست نەبێت، پارتییەکی بەهێز واتا بوون و پێگەیەکی بەهێزی کوردستانی لە بەغدا، بەپێچەوانەوە ئەگەر پارتی خوانەخواستە لاواز بێت، قەیرانەکان سەختر دەبێت و نەیارانی کورد و بەگرێگیراوەکانی بەهێزتر دەبن، ئەمەش لەخواست و ویستی کەسدا نییە.

بەهێزیی پارتی سەرچاوە لە جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتییەکەیەوە وەردەگرێت، کە هێزێکی یەکگرتوو و یەکدەنگ و دلێری لەنێوخۆی پارتەکەدا تێدایە و، وای کردووە کە پێداگری لەسەر ماف و پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بکات، لەپێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەشدا، پارتی هەموو کات تێکۆشاوە و هەر کاتێك پێویست بووە، ڕاستەوخۆ هاتووەتە مەیدان و بەرگریکارێکی سەرسەخت بووە. پارتی ئەو هێزەیە بەرامبەر داگیرکارانی داعش توانی بەرگری بکات و سەروماڵی هاووڵاتیانی کوردستان بپارێزێت، سەرۆك مسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی و ئۆرگانەکانی پارتی لە لق و کادیر و لایەنگرانی پارتی هەمیشە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە خەبات بۆ مافەکانی کوردستانییان، لەم پێناوەشدا پێشمەرگەکانی ڕێبازی بارزانی شەهید و قوربانییەکی زۆریان داوە، ئەوە پارتی بوو تەحەددای هەموو هێزێکی کرد، کە خوازیار بوون کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی و وێرانی بکات و خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ بکات. لە عێراقیشدا کە پارتی یەکەم حزب بوو، هەمووان بینیمان کورد لە بەغدا دەنگێکی دلێری هەبوو، ئەوە تەنیا پارتی بوو بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی دیفاعی لەو یاسایانە دەکرد کە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا مسۆگەر دەکرا، پارتی لە پارێزگاریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان هێڵی سووری دانابوو، زۆر جیاوازتر بوو لە حزبەکانی دیکە، کە بینیمان پەرلەمانتار هەبوو لەم فراکسیۆن دەچووە ئەو فراکسیۆن و، بگرە دەنگیان لەگەڵ دەنگی هێزی شۆڤێنیی دژ بە کورد و نەیارانی کوردستان بوو، هاوپەیمانێتیی جیاجیایان دژ بە هەرێمی کوردستان پێك دەهێنا، لە کاتێکدا تەنیا هێزی یەکگرتوو کە هیچ کێشەی نەبووە و بڕیاری لە مافە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان داوە، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، تەنانەت لە ئێستادا لە ناو بانگەشەی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی عێراقیشدا کاندیدەکانی هەندێك لایەن، بێشەرمانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر ئەوان دەربچن دژی مافی هەرێم و خەڵکی کوردستان کار دەکەن، ئەم بانگەشە مەترسیدارانە دژ بە خەڵکی کوردستان، ڕاستی و دروستیی ناخی ناشیرین و نییەت و مەرامی ئەوان دەردەخات، کە لە ئێستاوە ئامادەیی خۆفرۆشتنیان لە بەغدا تێدایە، ئەمانە کاندیدی هەر هەمان ئەو لایەنانە بوون، کە ئیشیان کرد بوودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانیان لە بەغدا بڕی و، شەڕێکی سیاسییان دژ بە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات کاری بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و، ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و کەرکووك و گەڕانەوەی شکۆ و سەرفرازی بۆ تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کردووە، ئێستاش هەمووان دەبینین سەرەڕای فشار و هەڕەشەکان، پارتی بە شکۆ و ئاڵای کوردستانەوە گەڕاوەتەوە مەخموور و کەرکووك و مووسڵ و، هەوڵێکی جددی هەیە بانگەشەی خۆمان بۆ شنگال بەرین.

پارتی ئەو دەنگەیە کە بۆ دەستەبەرکردنی ماف و شایستە داراییەکانی خەڵك و مووچەخۆرانی کوردستان هەمیشە دەزرنگێتەوە، ئەوە پارتی بوو گەمارۆی ئابووریی سەر خەڵکی کوردستان و برسیکردن و داخستنی دەروازە و ئاسمان و ڕێسمانی شکاند، دیپلۆماسییەتی سەرۆك بارزانی زامنی بەردەوامیی هاوکاری و پاڵپشتی هێزی هاوپەیمانەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتە پێشکەوتووەکانی جیهانە بۆ هەرێمی کوردستان.

من دەمەوێت لەم پەیڤە کورتەدا بڵێم بەدەستهێنانی کورسیی پەرلەمان لای پارتی، تەنیا وەسیلەیەکە بۆ ئامانجی زۆر گەورەتر، پارتی بناغە و ستراتیژیەت بۆ وڵات دادەنێت و، هەوڵی باشکردنی دەدات بۆ داهاتوویەکی گەشتر، خۆ ئەگەر لە ڕابردووشدا خۆڕاگری و سەبری پارتی نەبووایە، قەیرانەکان زۆر سەختتر دەبوون، پارتی بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی و پاڵپشتیی جەماوەر بۆ سەرۆکەکەیان، توانی گەمارۆ و ئاستەنگەکان تێپەڕێنێت و، ئێستا بە چاو و دیدگایەکی بەهێزترەوە دەڕوانێتە داهاتووی ئەم گەلە، کورد و کوردستانیان تا سەرۆك بارزانی و پارتی قەڵغانیان بێت، خەڵکی کوردستان بە کەرامەت و هێزەوە لە عێراقدا دەژی.

**بەهێزبوونی هەرێمی کوردستانیش لە عێراقدا، بە فلتەری بەهێزبوونی پارتیدا تێپەڕ دەبێت**

**بەهێزیی پارتی سەرچاوە لە جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتییەکەیەوە وەردەگرێت، کە هێزێکی یەکگرتوو و یەکدەنگ و دلێری لەنێوخۆی پارتەکەدا تێدایە**

**ئەوە تەنیا پارتی بوو بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی دیفاعی لەو یاسایانە دەکرد کە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا مسۆگەر دەکرا**

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات کاری بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور و، ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و کەرکووک و گەڕانەوەی شکۆ و سەرفرازی بۆ تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کردووە**



پارتی بە
خوێن ناسنامەی
نەتەوەییمانی
پاراستووە

# گرنگیی بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران



**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**

بەرپرسی راگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

یەکێك لە دیاردە گرنگەکانی شارستانیەتی هەر گەل و وڵاتێك، گەڕانەوەیە بۆ بەشدارییپێکردنی هاووڵاتیان لە زەمینەی دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی حوکمڕانیدا، کە بەپێی چەمك و تێڕوانینی نوێ و لە جیهانی هاوچەرخدا پێی دەگوترێت ‹‹هەڵبژاردن››، ئەم هەنگاوە پرۆسەیەکی دیموکراسییە و، بنەمای ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دەرخستنی هێزی لایەنی براوەیە لە کێبڕکێی بردنەوە و بەدەستهێنانی نفووزی سیاسیدا.

بە درێژایی مێژوو بابەتی هەڵبژاردن قسە و باسی زۆری لەسەر کراوە، بەتایبەت لە قۆناغی هاتنی ئیسلام و سەردەمی یاوەران و شەرعزان و زانایانی فیقهی ئیسلامیدا، بە گرنگییەوە سەیر کراوە و، لە چوارچێوەی بنەمای شوورا و ڕاوێژی نوخبەی شارەزادا، چەندین ڕێسای گرنگ و تایبەتی بۆ دیاری کراوە.

ئەوەی گرنگە لەم پرۆسەیەدا، ئەوەیە کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی و هەڵوێستی

**پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێزگرتنە لە هەست و هەڵوێستی هاووڵاتی و کۆششکردنە لە پێناو پاراستنی دەستکەوت و مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیدا و، بەهێزکردنی تواناکانە بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا**

**زۆر جار بێ گوێدانە دەستوور، ماف و شایستە سیاسی و ئیداری و ئابوورییەکانی کوردستان ئاستەنگی تێ کەوتووە و زەوت کراوە**

**بەپێی تێگەیشتن و ئەزموونی ڕابردوو، ئەوە سەلمێنراوە کە بەغدا بەم عەقڵییەت و فەرهەنگەی سیاسییەکانی پەیڕەویان کردووە و دەیکەن، نەک نایەوێت کورد بەهێز دەربکەوێتەوە، بەڵکو ئامانجیانە لە ناو پرۆسەیەکی وادا کورد بەلاوازی ببینن**

**دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر بەخۆمان خەم لە کیان و قەوارەی خۆمان نەخۆین، ئەوە هیچ کەس و لایەنێکی دی دادمان نادات و کەسیش ئاوڕی پێویست لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناداتەوە**

خودی هاووڵاتی دەکرێت، کە لە پرۆسەیەکی ئازاددا تەعبیر لە ڕا و بۆچوونی خۆی دەکات و، نوێنەری خۆی بۆ ناوەند و چەقی دەسەڵات و بڕیار دەستنیشان دەکات و، مافی نوێنەرایەتی دەداتە کەسی هەڵبژێردراو، کە لە بری ئەو خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی و خاك و خەڵك بکات.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، پرۆسەی هەڵبژاردن ڕێزگرتنە لە هەست و هەڵوێستی هاووڵاتی و کۆششکردنە لە پێناو پاراستنی دەستکەوت و مافە مەدەنی و سیاسی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانیدا و، بەهێزکردنی تواناکانە بۆ جێبەجێکردنی پرەنسیپی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، لەپاڵ ئەمەشدا سەروەربوونی یاسا و دابینکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی کەشێکی ئارام بۆ پێکهاتەکان و، ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەر و پێشهاتێك کە زیان بە کیان و کۆمەڵگە بگەیەنێت، بەشێکی دیکەی بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە، هاوکات هەوڵ و کارکردنێکی دەستەجەمعییە لە پێناو سەرخستن و یەکخستنی پرۆسەی سیاسیی وڵات و، بەشداریکردن لە بڕیاری چارەنووسساز و، گەیشتنە بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

گەلی کورد دوای خەباتی شاخ و ڕاپەڕینی مەزنی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ڕووی کردووەتە ناو ئەم پرۆسەیە و قەناعەتی پێی هەیە، چونکە بە دیوێکدا پابەندبوونێکی گشتییە لە پەیڕەوکردنی سیستمی نوێی حوکمڕانیی هاوچەرخدا، بە دیوێکی دیکەدا دەستەبەرکردنی ماف و مومارەسەی بەشدارپێکردنی هاووڵاتییە لە دەربڕینی هەڵوێست و، هەڵبژاردنی نوێنەر و نمایندەی خۆیدا.

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق و بەشداریی کورد لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە و، شەراکەتی ڕاستەوخۆی لە سیستمی حوکم و زەمینەسازیی تەوافوقی سیاسیدا، کورد دەستکەوتی زۆری بەدەست هێناوە، کە لە هەمووی گرنگتر نووسینەوەی دەستوورێکی هاوبەش بوو، کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر تێدا چەسپێندراوە و، لەو ساوە تا ئێستا هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەدا پێکەوە دەژین و ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن، ئەگەرچی زۆر جار بێ گوێدانە دەستوور، ماف و شایستە سیاسی و ئیداری و ئابوورییەکانی کوردستان ئاستەنگی تێ کەوتووە و زەوت کراوە، هەر ڕۆژە بە بیانوویێك زیان لە گەلەکەمان دراوە و، شەراکەتیان خستووەتە پەراوێزەوە، لە سەرووی هەموویانەوە بڕینی بودجەی هەرێم بوو، کە کاردانەوەی خراپی لە سەر کوردستان و گوزەرانی خەڵك دروست کرد.

بەپێی تێگەیشتن و ئەزموونی ڕابردوو، ئەوە سەلمێنراوە کە بەغدا بەم عەقڵییەت و فەرهەنگەی سیاسییەکانی پەیڕەویان کردووە و دەیکەن، نەك نایەوێت کورد بەهێز دەربکەوێتەوە، بەڵکو ئامانجیانە لە ناو پرۆسەیەکی وادا کورد بەلاوازی ببینن و، ئەو پێگەیەی نەمێنێت کە بتوانێت پاڵپشت بە دەستوور سانسۆر دروست بکات و، شەریکی سیستمی حوکمڕانیی ئەم وڵاتە بێت، قۆناغی ئەنجامدانی گشتپرسی نموونەیەکی زیندووە، کە بەغدا نەك قەبوڵی نەبوو، بەڵکو نەهامەتیی زۆریشی بەسەر کورددا هێنا و، ئەوەی لە بن بەڕەی بوو، هێنایە سەر بەڕە، کە ئەوان نایانەوێ کورد بگاتە هیچ ئامانجێك! بەڵام خۆڕاگریی گەلی کورد و پشوودرێژی و قارەمانێتیی پێشمەرگە وای کرد، کوردستان مەترسییەکانی ئەو قۆناغەش تێپەڕێنێت.

ئێستا ئێمە لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداین، ئەرکە هەر تاکێکی کورد ئەوەی لەبەرچاو بێت و، بە هەستێکی بەرزی نەتەوەیی و نیشتمانی و لە پێناو زامنکردنی ماف و شایستە دەستووری و یاساییەکانی هەرێم، بەوپەڕی گەرم و گوڕییەوە بەشداریی هەڵبژاردن بکات، مەسەلەکە پەیوەستە بە بەهێزبوونی کورد لەڕێی نوێنەرانییەوە لە پەرلەمانی عێراق، ئەو باڵادەستبوونەی هەرێم، کارەکان ئاسانتر دەکات و، هەنگاوی گەیشتن بە ئامانجەکان نزیکتر دەکاتەوە.

پێویستە خەمی هەمووان خەمی گشتی بێت و، وەك ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و، لە پێناو پاراستنی دەسکەوتەکانمان و دوورخستنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی سەر هەرێم و، هەژمونی خۆسەپێنی و عەسکەرتاری و دوورخستنەوەی تیرۆر و هەڕەشەکانی داعش و گەڕانەوەی سنوورە داگیر کراو و کێشە لەسەرەکان و، چارەسەرکردنی ئاریشە



هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەمووان بە بایەخەوە لەم هەنگاوە بڕوانین و، بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

دەبێ ئەوە بزانین ئەگەر بەخۆمان خەم لە کیان و قەوارەی خۆمان نەخۆین، ئەوە هیچ کەس و لایەنێکی دی دادمان نادات و کەسیش ئاوڕی پێویست لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناداتەوە، خەبات و تێکۆشان و پارێزگاریکردن لە کیان و نەتەوە و نیشتمان، هەنگاوێکی پیرۆزە و ئەرکێکی ئایینییە بەر لەوەی نیشتمانی بێت، کەواتە چەندە بە بەرفراوانی و بە هەستی بەرپرسیارێتییەوە بەشداریی ئەو پرۆسەیە بکەین، دەرەنجام دەتوانین بە ڕێژەی زۆری بەشداربوونەوە باڵانسی پێگەی کورد لە موعادەلەی سیاسیی عێراقدا تۆکمە و بەهێزتر بکەین، ئەمەش بۆ داکۆکیکردن لە ماف و خۆشکردنی زەمینەی دانوستانەکان، کاریگەریی گەورەی دەبێت.

کەواتە پرسەکە پەیوەستە بە قەزیەی نەتەوەیی و مەسەلەی گەیشتن بە موستەحەقاتی هەرێم، لە ناو دەوڵەتی فیدراڵدا، ئەمەش پێویستی بە هۆشیارییەکی پێویست و هەستێکی نیشتمانیی گەورە هەیە، چونکە خەباتگێڕ و خەمخۆرانی کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکان، خزمەت و قوربانیی زۆریان لەو پێناوە داوە و، بە هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان شەهید بوون، وەك ئەمەكداری بۆ خوێنی شەهیدان و کەسوکار و ماڵباتی سەربەرزیان و سەقامگیری و پاراستنی ئەزموونی گەلەکەمان، ئەرکە بە دەنگدان هێز و پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز بکەین.

**وەک ئەمەکداری بۆ خوێنی شەهیدان و کەسوکار و ماڵباتی سەربەرزیان و سەقامگیری و پاراستنی ئەزموونی گەلەکەمان، ئەرکە بە دەنگدان هێز و پێگەی کورد لە بەغدا بەهێز بکەین**

خەمخۆرانی گەل و وڵات و کەسانی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو دەزانن، هەڵبژاردن پێشەکییەکی باشە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و فەراهەمکردنی سەقامگیری، ئەم هەستەش پاڵنەرێکی گرنگە بۆ بەشداریکردن لەم پرۆسەیە، کە فاکتەر و زەمینەخۆشکەری دیاریکردنی پێگەی کورد و بڕیار و چارەنووس و ئایندەی هەنگاوەکانی هەرێمە و، دەستەبەرکردنی بودجە و مووچە و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و، هێشتنەوەی دەستوور و بەهێزترکردنی قەوارەی هەرێم لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و ناوچەکەدا، کەواتە وەك ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانی، زۆر گرنگە هەمووان بە جۆش و خرۆشەوە لە ڕۆژی ١٠ی ١٠ بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و، بەو پەڕی دڵسۆزی و لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەماندا دەنگ بدەین.

**زۆر گرنگە هەمووان بە جۆش و خرۆشەوە لە ڕۆژی ١٠ی١٠ بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان و، بەو پەڕی دڵسۆزی و لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلەماندا دەنگ بدەین**



# مامۆستایانی ئایینی دەنگ به کاندیدانی پارتی دەدەن

مامۆستایانی ئایینی لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لە پرسی یەکڕیزی و یەکخستنی ناوماڵی کورد ڕۆڵێکی کارایان هەبووە و، لە گشت قۆناغەکانی خەبات و شۆڕشدا ڕۆڵی بەرچاویان لە ناساندنی پرسە نەتەوەییەکان هەبووە و لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بەرامبەر بە مافەکانیان و وەستانەوەیان دژی زوڵم و ستەم خۆیان بە بەرپرسیار زانیوە و، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانیش بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوول خەڵکیان هان داوە خزمەتی شۆڕش بکەن، پەنجا و یەک ساڵ بەر لە ئەمڕۆ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان لەسەر دەستی بارزانی-ی نەمر دامەزرا، لە قۆناغی ئێستاشدا مامۆستایانی ئایینی بە هەمان گڕ و تینی ڕابردوو لە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری و هۆشیاریی پێکەوەژیان و لێك نزیك کردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان بەردەوامن. هاوکات دەخوازن هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەت و سەربەخۆ بێت. لەم ڕاپۆرتەی گوڵان-یشدا چەند مامۆستای ئایینی بەم جۆرە ڕای خۆیان لە بارەی کاندیدانی پارتی دەردەبڕن:





**م. ڕەعد ئۆمەربلی**

**کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:**

## بۆ ئەوەی شکۆمان هەر بە بەرزی بمێنێت و خۆ نەچەمێنین دەنگ بە لیستی پارتی و بارزانی بدەن

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بۆ ئەم خولە زۆر جیاوازە، دوای ئەوەی کوردستان تەحەددای هەموو هێزە سیاسی و سەربازییەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسێی کرد و، لە پردێ و سحێلا کەپووی شکاندن و بۆ هەموو جیهانی سەلماند ئیرادەی گەلی کورد بە کەس ناشکێت، بە وشەی (خۆ نەچەمێنن) وەڵامی هەموو جیهانی دایەوە، تا کوردستان خاوەنی بیر و عەقل و سیاسەتی سەرۆک بارزانی بێت، دوژمنان ناتوانن دەستدرێژی بکەن بۆ سەر کوردستان. هەر بۆیە بۆ ئەوەی شکۆمان بە بەرزی بمێنێت و خۆنەچەمێنین دەبێت دەنگ بدەین بە لیستی پارتی و بارزانی.




**م.محەمەد سەباح میرانی**

**کارگێڕی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:**

## دەنگدان بە لیستی سەرۆک بارزانی دەنگدانە بە گەڕاندنەوەی کەرکووکی دڵی کوردستان

دەنگدان مافێکی ئایینی و یاساییە بۆ هەموو کەسێك، بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان عێراق، ئەویش لە پێناو گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراو و داگیرکراوەکان بۆ باوەشی نیشتمان. بۆیە داواکارم لە هەموو هاونیشتمانیان کە مافی دەنگدانیان هەیە، بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری بکەن لەم دەنگدانە، چونکە چارەنووسە بۆ کوردستان.

دڵنیا بن، دەنگدان بە لیستی پارتی و سەرۆك بارزانی دەنگدانە بە شکۆی کورد و کوردستان، دەنگدانە بە گەڕاندنەوەی کەرکوکی دڵی کوردستان.



م.حەیدەر بندیان
بەرپرسی ناوچەی چواری هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

## دەنگتان بدەن بە لیستی سەرۆک بارزانی
## کە زامنی گشت مافەکانمانە

داوا دەکەم لە گشت کەسێکی بە ئەمەك و بە ویژدان بچێت دەنگ بدات بۆ بەدەستهێنانی مافە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی خوێنی دەیان ساڵەی شەهیدەکانمان و سەنگی زیاتر لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان زۆر پێویستە دەنگ بدەین.

بە یەکڕیزی و تەبایی گشت مافەکان بەدەست دەهێنین .نابێت وەك جاران سەیری ئەم هەڵبژاردنە بکەین، چونکە ئەم هەڵبژاردنە دیاریکردنی قەبارەی کورد و هەرێمی کوردستان و ناوچە داگیرکراوەکانمان بۆ دەردەخات .

بە دانوستاندن دەگەینە ئامانج و یەکڕیزی و یەکگرتوویی سەرمان دەخات، بۆیە دەڵێم دەنگتان بدەن بە لیستی سەرۆك بارزانی کە زامنی گشت مافەکانمانە.



م. شێخ ئەمجەد ڕەبانی
کارگێڕی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان :

## دەنگدان بە لیستی پارتی، دەنگدانە
## بە شکۆی کورد و کوردستان

دەنگدان مافێکی ئایینی و یاساییە بۆ هەموو کەسێك، بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمان عێراق، ئەویش لە پێناو گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاو و داگیرکراوەکان بۆ باوەشی نیشتمان. بۆیە داواکارم لە هەموو هاونیشتمانیان کە مافی دەنگدانیان هەیە، بە جۆش و خرۆشەوە بەشداری بکەن لەم دەنگدانە، چونکە چارەنووسە بۆ کوردستان.

دڵنیا بن، دەنگدان بە لیستی پارتی و سەرۆك بارزانی دەنگدانە بە شکۆی کورد و کوردستان، دەنگدانە بە گەڕاندنەوەی کەرکووکی دڵی کوردستان.





م.سەید ئاکام بەرزنجی
کارگێڕی ناوچەی یەکی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان:

## دەنگدانت بە پارتی دەنگدانە بە گەورەیی و بەهێزی و دووربینی

دەنگدانت بە لیستی ئامبرازشکێن، دەنگدانە بە ئارامی و ئاسایش و دەنگدانە بە کردار، نەك بە قسە، دەنگدانە بە خوێنی شەهیدان، دەنگدانە بە گەل و نیشتمان، دەنگدانە بە نەچەماندن، دەنگدانە بە ئاوەدانی و جادە و بان، دەنگدانە بە بەنداو و ئاو گلدانەوە، دەنگدانە بە کشتوکاڵ، دەنگدانە بە پیشەسازی، دەنگدانە بە داهاتووی منداڵەکانت، دڵنیا بە گەورە و شێرەکان شێر و گەورەکان هەڵدەبژێرن، بچووك و ڕێوییەکانیش بە پێچەوانەوە، بۆیە وەك شێر ئازا بە و وەك باز دووربین بە، وەك فیل بە هێز بە، دەنگدانت بە پارتی دەنگدانە بە گەورەیی و بەهێزی و دووربینی.





م. نەوزاد ئیبراهیم خەمۆ
بەرپرسی ناوچەی کەسنەزانی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان:

# پێویستە هەمووومان لە دەنگدان بەشدار بین و دەنگ بە کاندیدانی سەرۆک بارزانی بدەین

هەڵبژاردن مافێکی سەرەتایی و یاسایی و دەستووری هەموو تاکێکە و هەنگاوێکە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و شارستانیەت و تازە لەدایکبوونەوەی یاسای وڵاتە، لەبەر ئەم زەروورییەتە پێویستە هەموومان لە دەنگدان بەشدار بین و دەنگ بە کاندیدانی لیستی سەرۆك بارزانی بدەین.




# با پێکەوە پێگەی هەولێر لە بەغدا بەهێز بکەین



ديموكراسی بريتييە كۆمەڵێك پرەنسيپ و لە هەمانكاتيشدا پرۆسەيە. پرينسيپەكان هيچ مانايەكيان نابێت، ئەگەر لە پرۆسەيەك، يان چەند پرۆسەيەكدا نەخرێتە بواری جێبەجێكردنەوە و، باشترين پرۆسەی خستنە گەڕی ديموكراسييش هەڵبژاردنە. زۆربەی هەرە زۆری دەستوور و ياساكانی زۆربەی وڵاتان ئەم پرينسيپ و پرۆسەيەيان چەسپاندووە و بووەتە ماف. هەڵبەتە مەبەستمان هەڵبژاردنێكە كە دەرفەتی تەواو بداتە ئەوانەی دەنگ دەدەن، بێ هيچ گوشارێك دەنگ بدەن و هيچ هێز و لايەنێك نەتوانێت لە ڕێگەی ساختەكردنەوە ڕاو ئيرادەی خۆی بەسەر دەنگدەر و لايەنەكانی تری بەشداربووی ناو پرۆسەكەدا بسەپێنێت.

ئێمە لەم بەشەی كوردستاندا و بەتايبەتيش لە چوارچێوەی پارتيدا، لەمێژە ئاشنايەتيمان لەگەڵ جۆريك لە هەڵبژاردن پەيدا كردووە لە كاتی هەڵبژاردنی ئۆرگانە جياوازەكانی پارتيدا، بەڵام وەك گەل و وەك كۆمەڵگە، هەرچەندە وەك پرينسيپ و وەك دروشمی ناوەڕۆك بەتاڵ زۆرمان دەربارەی ديموكراسی بيستووە، بەڵام ماوەيەكی زۆر نييە پرينسيپەكەی ديموكراسی لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە هەوڵدراوە رۆحی بە بەردا بكرێت و بخرێتە بواری كردارييەوە. يەكەم هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٢دا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجام درا و، لەو كاتەوە سەرەڕای پەككەوتنی پرۆسەكە لە كاتی شەڕی ناوخۆدا، هەڵبژاردنەكان ئەنجام دراون. دوای پەسەندكردنی دەستووری عێراقيش پرۆسەكە لەسەر ئاستی عێراقيش ئەنجام دراوە. لە سەرەتادا كەموكوڕی و كێشەيان زۆر بوو، بەڵام خەريكە دەبێتە بەشێك لە كەلتووری سياسيمان و دەستێوەردان و سەرپێچيكردن جار لە دوای جار كەمتر دەبنەوە. هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقيش بەردەواميی ئەو ڕێچكە ديموكراسييەيە.

زۆرجار قسە لەسەر گەورەيی و كاريگەريی حزبێك دەكرێت، بە بێ ئەوەی گرنگترين پێوەری ئەو گەورەيی و كاريگەرييە لەبەرچاو بگيرێت. لە وڵاتێكدا كە هەڵبژاردنی ديموكراسييانە بە شێوەيەكی ڕێژەيی بووەتە نەريت و ئەندازەيەكی باش پاكی و شەفافييەتی تێدا ڕەچاو دەكرێت،



## وشيار سيوەيلی

**بەرپرسی مەكتەبی پەيوەندييەكانی دەرەوەی پارتی ديموكراتی كوردستان**

بۆ گوڵانی نووسيوە



ڕێژەی دەنگ و ژمارەی نوێنەرانی حزب لە پەرلەمان، یان ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکانی دیکەدا نزیکیی حزب لە جەماوەری دەنگدەرەوە دەردەخات.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩٢ وەوە هەر جارێك بە تەنیا بەشداریی هەڵبژاردنێکی کردبێت لەسەر ئاستی کوردستان، یەکەم بووە و لە دواهەڵبژاردنی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا لەسەر ئاستی عێراق یەکەم حزب بووە. هەوڵەکانی ئەم جارەی پارتی بۆ ئەوەیە هەر بە حزبی یەکەم بمێنێتەوە و وەك هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی داکۆکیکردن و بەرگریکردن بێت لە کورد و کوردستان. پارتی بۆ ڕاگرتن، یان دروستکردنی باڵانس لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکان ناکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە متمانەی زۆرترین دەنگدەران بەدەست بهێنێت و بتوانێت ئەو بەڵێنانەی لە بەرنامەی هەڵبژاردندا بە خەڵکی داوە جێبەجێیان بکات.

**هەوڵەکانی ئەم جارەی پارتی بۆ ئەوەیە هەر بە حزبی یەکەم بمێنێتەوە و وەک هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی داکۆکیکردن و بەرگریکردن بێت لە کورد و کوردستان**

لە وڵاتێکدا کە سیستەمی سیاسی پلورەلیزم بێت و ڕەوایی حوکمڕانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەدەست بهێنرێت، هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێز لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا ویست و خواستێکی گوماناوییە، چونکە پرۆسەی حوکمڕانی زەحمەت دەکات. لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراسیدا خراپترین ئەنجامی هەڵبژاردن ئەوەیە کە ڕێژەی کورسییەکانی لایەنەکانی ناو پەرلەمان بە شێوەیەك دەبێت کە پێکهێنانی حکومەت زۆر زەحمەتە، واتە باڵانسی هێز لە نێوان لایەنەکاندا دروست بێت و بەو جۆرە پەرلەمانە دەڵێن: (bal-anced parliament). تەنانەت کاتێکیش حکومەت پێکدەهێنرێت حکومەتێکی جێگیر نابێ و بە زەحمەت دەتوانێت کارەکان، یان بەرنامەی حکوومی جێبەجێ بکات. کاتێك یەکێتی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرەیەك بەرامبەر (گەر نەڵێین دژ)ی پارتی دروست بکات و ناڵێت ئامانجمان بردنەوەی زۆرینەی کورسییەکانە بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنین، بەڵکو بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی ئەوتۆی دەنگە کە نەیەڵین پارتی حکومەت بەڕێوەبەرێت و، بەرنامە و بەڵێنی هەڵبژاردن جێبەجێ بکات، (هەڵبەتە ئەمە زیاتر بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕاستە). لە دۆخێکی ئاوهاشدا تەنیا هاووڵاتی زەرەر دەکات. کەواتە ئەگەر چەمك، یان دەستەواژەی ڕاگرتنی باڵانس و ئەوەی یەکێتی مەبەستێتی لە ڕستەیەکدا ڕێکبخەینەوە، ئەمەی لێ دەردەچێت: (پارتی بەهێزە و زۆرینەی کورسییەکان دەباتەوە و بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ دەکات و، بەرەکە لەژێر پێی ئێمە دەردێنی، با هاوپەیمانییەك دروست بکەین و نەیەڵین پارتی باڵادەست بێت).



سووربوونی پارتی لەسەر هەڵبژاردن وێڕای ئەوەی لە ئاکامی بڕوابوون بەوەی هەڵبژاردن ئامرازێکی دیموکراتییە و مافی هەموو هاووڵاتیەکی کوردستانی و عێراقییە، هاوکات هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق داخوازیی سەرەکیی خۆپیشاندەرەکانی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ بوو، پارتی بڕوای بەوە هەیە، دەبێت عێراقی نوێ لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی بونیات بنرێتەوە و تێیدا کورد بەهێزەوە بڕواتە بەغدا و لەم پێناوەشدا پێویستە پارتی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت و خەڵکی کوردستان پێویستە هوشیار بن کە مافەکانیان لە عێراقدا بە هێزێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکێکی نەتەوەیی وەك مسعود بارزانی بەدەست دەهێنرێت.

لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و مێژوویی و بەرز ڕاگرتنی شکۆی کورد و کوردستانییەکان لە عێراق و مسۆگەرکردنی بەدەستهێنانی تەواوی مافە نەتەوەیی و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەم هەڵبژاردنە زۆر گرنگ و هەستیارە، ئەرکی کوردو کوردستانییانە لە ڕۆژی دەنگداندا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە نوێنەرانی بارزانی بدەن و پێگەی پارتی لە بەغدا بەهێز بکەن، بۆ ئەوەی پێگەی کورد لە عێراقدا بەهێز بێت و داهاتوویەکی ئارام و سەقامگیر بۆ گەلی کوردستان و عێراق زامن بکەین، چونکە پارتی نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە بەغدا دەکات و، کورد و کوردستانێکی بەهێز واتا پارتییەکی بەهێز لە بەغدا.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گرنگییەکی زۆر دراوە بەم هەڵبژاردنە و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و وڵاتان و ڕێکخراوانی نێودەوڵەتیی دیکە ژمارەیەکی زۆر چاودێر ڕەوانەی عێراق دەکرێن، بۆ نەوەی چاودێریی پرۆسەکە بکەن. هەڵسەنگاندنی ئەوان بۆ چۆنیەتی ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئەنجامەکەی ڕەوایی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت و لەسەر ئەو بنەمایە لە داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراق بکەن.

بڕوامان وایە ئەنجامی هەڵبژاردن لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان دەبێت و، پارتی ژمارەی کورسییەکانی زیاد دەکات. هەڵمەتی هەڵبژاردن لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و بەتایبەتی لە کەرکووك بە گەرمی و حەماسەتەوە بەڕێوە دەچێت، سەرەڕای بوونی کۆسپ و تەگەرەکان و ڕۆڵی خراپی میلیشیاکان.

بێگومانم جەماوەری پارتی لە ئاستی گرنگیی هەڵبژاردنەکەدان و وەك هەمیشە سەری پارتی بەرز دەکەنەوە.

**خەڵکی کوردستان پێویستە هوشیار بن کە مافەکانیان لە عێراقدا بە هێزێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکێکی نەتەوەیی وەک مسعود بارزانی بەدەست دەهێنرێت**

# پارتی لەسەر ئاستی عێراق ڕکابەری دەکات



**غەریب شەوکەت شێخ یەزدین**
■ بۆ گوڵانی نووسیوە

لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق، پارتی بە هێزێکی گەورەوە بەشدارە و ڕکابەریی هاوپەیمانێتییە گەورەکان دەکات، لە ناوخۆش پارتی خەریکی چاکسازی و ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوەدانییە و لەسەر بەڵێنەکانی خۆی بەردەوامە.

ڕکابەرییەکەی پارتی بۆ پاراستنی دەستکەوت و بەهێزکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، بۆ وەدەستخستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانە. کاتێك کار دەگاتە پێکهێنانی حکومەت، سەرجەم ئەو لایەنانەی کە خۆیان هیچیان پێ نییە بۆ خەڵك، وەك هەمیشە چاویان لە دەستی پارتییە تاکو بێبەش نەبن لە وەرگرتنی پشکەکان، بۆیە پێم سەیرە هەندێك حزبی ناو حکومەت لە ئاست ئەو بێدەنگییەی پارتی، دێت بانگەشە بە ناوهێنانی پارتییەوە دەکات و پێیان وایە بەو جۆرە متمانە بەدەست بێنن. بەڵام زوو زوو لەبیریان دەچێت، کە دواجار دەبێت بچنەوە بەر دەرگای سەرۆك بارزانی.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پارتێکی سیاسیی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا خەباتی سیاسی دەکات، کە جیاوازە لەگەڵ قۆناغەکانی ڕابردوو کە خەباتی شۆڕش و چەکدارین، زۆرێك لە هێزە سیاسی و ڕژێمەکانی عێراق هەوڵیانداوە کار بۆ لاوازکردن و تەنانەت لەناوبردنی پارتی بکەن و کردوویانە، بەڵام خەیاڵیان خاوە کە بتوانن ئەو ئەو ئامانجە گەورەی کە پارتی هەیەتی، لەبەین بەرن.

ئەو حزبانە هەر لە کۆنەوە ئەو شێوە یارییانەیان تاقی کردووەتەوە، دواجار نەیانتوانیوە زەفەر بە پارتی ببەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە دوای هەڵبژاردن، ئەو لایەنانە چۆن لە ڕوویان دێت، بێن داوای شەریکی و پێکەوە کارکردن لە پارتی بکەن؟

پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی سەنگی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد گەڕاندووەتەوە و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەیش پارتی داکۆکیکارێکی سەختە لە مافە زەوتکراوەکان و پاراستنی گەلی کورد، بۆیە لەسەر جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوایەتییەکان هەرگیز چۆك بۆ هیچ دوژمن و نەیارێك دانادات.

هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، تا ئۆتۆنۆمی و دواجار سیستمی فیدراڵیەت و ڕیفراندۆم، زۆر بەرپرسیارانە بەو ئەرکە نیشتمانییانەی هەڵساوە و بەپێی قۆناغە




جیاوازەکانی هەموو ئەمانەی ئەنجام داوە.

پارتی لە بەرپرسیارێتی نەترساوە، لەهیچ هێزێکی جیهانیش ترسی نەبووە، ئەوەی قەناعەتی پێ هاتووە، کردوویەتی و هەمیشە لە پاڵ دۆزی ڕەوای گەلەکەی وەستاوە و بەردەوامە لە خەبات.

جنێو و نازڕاندن و تۆمەت بەخشینەوە کارێکی ناڕەوا و دوورە لە بەهای مرۆڤایەتی، بە داخەوە لای هەندێ لایەن کەلتووری جنێودان و تۆمەتی بێ بنەما بووەتە ڕێچکەیان و پێیان وایە بە ناوهێنان و بریندارکردنی لایەنی بەرامبەر دەنگیان لە زۆری دەدات و کورسی پێ زیاد دەکەن. بەڵام دواجار دەبێت وەبیر خۆیان بهێننەوە کە دوای هەڵبژاردن یەکتری دەبیننەوە و دێنەوە ناو حکومەتەکەی پارتی.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، لە بانگەشەی هەڵبژاردندا لەسەر ئەو بەرنامانە دەدوێت کە ستراتیژین بۆ کورد، هیچ کات دروشمێك بەرز ناکاتەوە کە نەتوانێت جێبەجێی بکات، پارتی ڕای وایە بانگەشەی هەڵبژارن واتە نمایشکردنی ئەو پڕۆژە و بەرنامەیەی کە کاریان لەسەر دەکرێت، نەك زمانی ڕووی لە لایەنەکان و شەڕی دەروونی و بەگژداچوونەوە بێت، پارتی ئەوەی لە ڕابردوودا کردوویەتی و ئەوەی لە ئایندەشدا کاری بۆ دەکات، ئاراستەی جەماوەری دەکات. پارتی لە هەموو قۆناغە سەختەکاندا سەربەرزانە هەستی بەرپرسیاریەتی بەهێزتر بووە و دڵسۆزانە لە پێناو نیشتماندا ئەرکەکانی خۆی بەجێ گەیاندووە، جیاواز لەو لایەنانەی کە لە کاتی سەرکەوتنەکان خۆیان بە شەریك دەزانن و لە کاتی دژواری و سەختیەکانیش لە بەرپرسیاریەتی هەڵدێن.

بۆیە پێویستە ئەوە بڵێین: گەل هۆشیارە و دەزانێت کێ بەرپرسیار و خەمخۆرە و کێ تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدا دەخولێتەوە. ئێدی خەڵك بێزارن لە هاشوهوش و تۆمەت هەڵبەستن و جنێو، خەڵکی کوردستان کرداریان دەوێت، سەقامگیری و ئارامییان دەوێت، دڵنیان لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە میدانی ململانێکاندا قسەکان دەکات بە کردار و لە خۆشی و ناخۆشییەکاندا پشت لە گەلەکەی ناکات.

**ڕکابەرییەکەی پارتی بۆ پاراستنی دەستکەوت و بەهێزکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، بۆ وەدەستخستنی مافەکانی خەڵکی کوردستانە**

**پارتی داکۆکیکارێکی سەختە لە مافە زەوتکراوەکان و پاراستنی گەلی کورد، بۆیە لەسەر جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوایەتییەکان هەرگیز چۆک بۆ هیچ دوژمن و نەیارێک دانادات**

# پارتی بە خزمەتگوزاری ڕووی لە چەمچەماڵ کردووە، بۆیە داوا لە خەڵکی دەکەم دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن



عەبدوڵای کوێخا موبارەک

بۆ گوڵانی نووسیوە

لەم هەڵبژاردنەدا دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین، بۆ ئەوەی کورد بە هێزەوە بچێتەوە بەغدا و پارتی زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات، ڕاستە چەند ساڵێکە بە هۆی نەداری و هەژاری و شەڕ و شەڕی تیرۆر و ململانێی توندی حزبییەوە، خەڵکی نائومێد بووە، بەڵام ئەم نائومێدییە نابێت کاریگەریی لەسەر بابەتی قەومی و نیشتمانی بکات، ئەگەر کورد لە بەغدا پێگەی لاواز بێت و، کاندیدی نیشتمانپەروەر و نەتەوەیی نەنێرینە بەغدا، مافەکانی ئێمە کە لە دەستوور و یاسا لە عێراقدا چەسێندراون، ئەوەندەی دیکە نەک هەر پەراوێز دەخرێن، بەڵکو هەموو ئەو ماف و دەستکەوتانەش کە هەن، دەکەونە مەترسییەوە، تێڕوانینی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق دەبێت لە سەر بنەمای تێڕوانینی

نەتەوەیی و نیشتمانی بێت و، بە بەرپرسیارییانە لەم پرسە هەستیارەی نەتەوەکەمان و ئایندەی گەلەکەمان هەڵسوکەوت بکەین، کە بابەتێکی جیاوازە لە پرسی نێوخۆی هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژی دەنگدان هەر کەسێك بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگەکانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کەم نەکاتەوە و ئەو دەنگانە کاریگەریی نەکاتە سەر مافە ڕەواکانمان لە دەستووری عێراق.

من لە پێگەی هیچ هێزێکی کوردی کەم ناکەمەوە و هەموو هێز و لایەنێکی کوردی خەسڵەتێکی نیشتمانپەروەریی و نەتەوەیی تێدایە، بەڵام بۆ ئەمڕۆ گرنگترین هێز و لایەنی سیاسی لە ساحەکەدا پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بە بەهێزی ماوەتەوە و توانیوێتی سەرەڕای ئەو هەموو فشار و هێرشانە لە سیاسەتی لە نێوان هەرێم و عێراق خۆڕاگر بێت لە بابەتەکانی دەستوور و ناوچە جێناکۆکەکان و کێشەکانی کەرکووك و هێزی پێشمەرگە و دەیان ماف و شایستەی دارایی دیکەی خەڵکی کوردستان لە عێراق، بە کردەوەش سەلماندوویەتی کە پێداگر و بەرگریکار بێت، لەمانەش گرنگتر پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی هێزێکی یەکگرتووی جێگیرە و لە ساحەکەدا بە بەهێزی ماوەتەوە و ڕووبەڕووی داگیرکارانی کورد بووەتەوە و هێزێکی ڕەقەم یەکە و دوژمنانی کوردیش حیسابی وردی بۆ دەکەن. دەتوانم بڵێم: پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزەیە کە کوردستان دەپارێزێت و پێویستە پشتیوانی لێ بکرێت و لە عێراقدا زیاتر پاڵپشتی بکرێت و هان بدرێت بۆ زیاتر داواکردنی مافی کورد و کوردستانییەکان .

لەمەش گرنگتر من لە چەمچەماڵم و نزیکە لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانەوە کە هەڕەشەی سڕینەوەی ناسنامەی کورد و داگیرکردنی خاك و دەرکردنی خێزانە کوردەکانی لە سەرە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی هێزێکی جێگیر و بە دیسپلینەوە ئامادە نییە سازش لەسەر داگیرکردنی ئەو ناوچانە بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە چەندین ساڵە لە تەواوی ئەو ناوچە کوردستانییانە دابڕاوین و








**پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە هەنگاوی کردەیی ناوە و چارەسەرێکی خێرای دۆزیوەتەوە بۆ چارەسەری کەم ئاوی لە چەمچەماڵ بە تەرخانکردنی ٧ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دینار و تەنیا کۆمپانیایەک ماوە بە کارەکە هەڵسێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت**

هێز و دەسەڵاتمان لەوێ نییە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تیرۆریستەکان جێگای خۆیان باشتر لە تەواوی ناوچەکە بکەنەوە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەنجامدانی تەعریب و تەرحیل لە چەندین گوندی ناوچەکە، خۆ ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان هاونیشتمانیان دەنگی بۆ بدەن و لە بەغدا بەهێزتر بێت، ئەوا پێداگریی زیاتر دەکات بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بچێتەوە ناوچەکە و ئەو خانەوادە و کوردە نیشتمانپەروەر و دڵسۆزانە لە مەترسیی تەرحیل و تەعریب دەرباز بکات. هێزێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان نەك تەنیا بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان گرنگە، بەڵکو بۆ چەمچەماڵ و تەواوی ناوچە سنوورییەکان بە ناوچە جێناکۆکەکان گرنگە. من خۆزگەم دەخواست هەموو کورد لە ١٦ی ئۆکتۆبەر پاڵپشتی پارتی بکردایە و لە کەرکووك دەرنەچووایە، یان بەهێزەوە بە یەکگرتوویی و تەبایی بگەڕابایینەتەوە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان، خۆ کە ئەمە ناکرێت، دەبێت پاڵپشتیی پارتی بکرێت لەمەدا، نەك پاڵپشتیی هەندێك حزب و هێز و لایەنی سیاسی بکەین کە خۆیان تەسلیمی هێزی داگیرکەری کەرکووك کردووە و لەبەر چاویان ئازاری کورد دەدرێت و، تەعریب و تەرحیل دەکرێن و، هیچیان بۆ ناکەن، بۆیە لە مەسەلەی کەرکووك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کە ئێستا داگیر کراون، پارتی باشترین بەدیلە کە خەڵکی دەنگی بۆ بدات و ئەویش بەرگریی لێ بکات.

لەم هەڵبژاردنەدا دەنگدەرانی کورد دەبێت ڕەچاوی بابەتی خزمەتگوزاریی بکەن، کە یەکێکە لە هەرە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان و گرنگییەکەی لە بابەتە قەومی و نیشتمانییەکان و مافە دەستوورییەکانی نێوان


هەرێم و بەغدا کەمتر نییە، هەمووشمان دەبینین جیاوازیی نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی لەگەڵ ناوچەکانی دیکە چەند جیاوازە، ئەمڕۆ کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕووی کردووەتە چەمچەماڵ و هەموو شارەکانی دیکەی ئەم دەڤەرە، بەڵام من زیاتر لەسەر چەمچەماڵ قسە دەکەم، کە ئێمە کێشەیەکی هەرە سەرەکی و کۆنمان هەیە و تا ئێستا چارەسەر نەکراوە، ئەویش کێشەی کەم ئاوییە و بە سوپاسەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە هەنگاوی کردیی ناوە و چارەسەرێکی خێرای دۆزیوەتەوە بۆ چارەسەری کەم ئاوی لە چەمچەماڵ بە تەرخانکردنی ٧ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دینار و تەنیا کۆمپانیایەك ماوە بە کارەکە هەڵسێت و دەست بە جێبەجێکردنی بکرێت، ئەمە و بەڵێنی ئەوەشیان داوە پرۆژە گەورەکە کە ئاوی گۆیتەپە – چەمچەماڵە، کاری جددی لەسەر بکرێت، لە بەرنامەشماندایە و قسەشمان لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، کە ئێمە لە بابەتی پترۆدۆلاری داناغاز و دامەزراندنی گەنجانی ئەم سنوورە لە گەورە کۆمپانیاکان ئاگادار بین و، ئەم بابەتە لە ڕیزبەندی پێشەوە بێت، بۆ چەمچەماڵییەکان.

من لە ئێستادا وەکو هاووڵاتییەکی ئەم سنوورەی چەمچەماڵ قسە دەکەم، کە خەڵکی چەمچەماڵ پێویستە بە دەنگ ئەم هەنگاوە کردییەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بچێت و دەنگ بە پارتی بدەن، ئەمە لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی دونیای ئەورووپا و ئەمریکا مۆدێلە، خەڵك پشتیوانی لە حزب دەکات، بۆ ئەوەی مووچە و خزمەتگوزاریی بۆ فەراهەم و دەستەبەر و دابین بکرێت، حزبیش لە بەرامبەردا ڕوو دەکاتە ئەو ناوچانەی پێگەی جەماوەری تێدا بەقوەتە و خزمەتی دەکات، بۆیە داواکارم لە خەڵکی چەمچەماڵ بە دەنگ داواکارییەکەمانەوە بێت و دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان و کاندیدەکەی بدەن، بۆ ئەوەی ئەم دەرگایەی کراوەتەوە، بەردەوام بێت و خزمەتی زیاتری چەمچەماڵ و تەواوی سنوورەکە بکرێت.






# بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و قوربانییانی گەلەکەمان بەفیڕۆ نەچێت دەنگ بە کاندیدانی بارزانی و پارتی دەدەین



## سەروەری شەهید کەمال هاواری

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێش هەموو شت بە دەر لە سیاسەت و شرۆڤەی سیاسەتمەداران و کاری دیپلۆماسییەت، کورد خاوەنی قەزییەیەکی گرنگ و هەستیاری نەتەوەیی و نیشتمانییە، نەك تەنیا لە سەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، پرسی کورد بابەتێکی هەستیار و گرنگە، کورد بە ڕابەرایەتیی ڕابەری نەتەوەی کورد مەلا مستەفا بارزانی دەیان ساڵ خەبات و شۆڕشیان کردووە لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیاندا، لە ئێستاشدا هەموو دونیا بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە بەهێزیی ڕابەری نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی و پێشمەرگە، کە توانییان ئەفسانەی دڕندەیی داعش تێك بشکێنن و، ڕێگایان نەدا خاکی کوردستان داگیر بکرێت و ماڵ و موڵکی کورد تالان بکرێت و، جارێکی دیکە گەلی کوردستان کۆمەڵکوژ بکرێتەوە، لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەریش هەر سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتن و تەحەددای هێزی داگیرکەریان کرد و قەوارە و خەڵکی کوردستانیان پاراست، کوردستانیان لەپێناو پاراستنی ئەم خاکەدا دەریایەك لە خوێن و شەهید و قوربانییان داوە، شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان و ڕاپەرین و شەڕی داعش و شەڕی پارێزگاریکردن لە کەرامەت و خاك و نیشتمانی کوردستان لە١٦ی ئۆکتۆبەردا، هەمووی بەڵگە و شاهیدی زیندووی پاڵەوانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن، کە چۆن لە ڕۆژە سەختەکاندا سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی لە سەنگەرەکاندا بەرگرییان لەم نەتەوە و خاکە کرد و، پێشمەرگە توانی کوردستانی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکترقبووڵکردن بپارێزێت و، لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشمەکێش و ئاڵۆزی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کوردستان بە لانکە و پێگەی پێکەوەژیان بمێنێتەوە و، زیاتر لە ملیۆن و نیوێك ئاوارە و پەناهەندە و لێقەوماو ڕوو لەم هەرێمە بکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان پارتی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە، پارتێکە بە خوێنی شەهیدان بەرگری و پارێزگاریی لە هەرێمی کوردستان و خەڵکی سڤیل کردووە و، سەقامگیری و ئارامیی ئەم هەرێمەیان پاراستووە، لەسەر ئاستی عێراقیش پارتی نوێنەرایەتیی هەموو نەتەوە و پێکهاتە ئایینییەکان دەکات، ئێمە هەروەکو چۆن سەربەرزین بە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان و، لە ڕۆژە سەختەکانی قەیران و کۆرۆنادا خەڵکی خۆمان بەجێ نەهێشت و لە بەرپرسیارێتی هەڵنەهاتین، دواجار هەر ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بوو کە گەلی کوردی لە قەیران دەرهێنا و مووچە و شایستە داراییەکانی کوردستانی لە بەغداوە هێنایەوە کوردستان، ئێمە سەربەرزین بەوەی لە شۆڕشی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا شەهید و قوربانییەکی زۆرمان داوە، خانەوادەی سەربەرزی پێشمەرگەمان نییە لە سەنگەری خۆڕاگری و بەرخوداندا باوك، یان برا، یان کوڕ و هاوڕێیەکیان شەهید نەبووبێت.



شەهید کەمال هاواری

تـا پێشـمەرگە و خەڵکـی کوردسـتان خاوەنـی ڕابـەری نەتەوەیی و نیشـتمانی کوردسـتان مسعود بارزانـی بـن، هەرگیـز سـازش لـە مافـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکان ناکەیـن. لـە عێراقێکـی نائارامـی دابەشـکراوی ناتەبـادا تەنیا پارتـی و هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانە حیسابی بـۆ دەکرێـت و، کـورد بـە بەهێـزی و یەکگرتوویـی و یەکڕیـزی لـە قەزییـە نەتەوەیـی و نیشـتمانییەکەی تـا دێـت بەهێزتـر دەبێـت، سـەرۆك مسـعود بارزانـی بـوو کـە عێراقێکـی فرەیـی دامەزرانـد و، ڕێگـەی نـەدا لـە دەوڵەتێکـی مەرکەزیـی ناسـەقامگیر و پڕ لەکێشـمەکێش و مەزهەبیـدا زیـان بـە گەلـی کوردسـتان و فیدراڵییـەت بکەوێت و، بەغـدا و هێزە میلیشـیاکان وەکو پارێزگایـەك مامەڵەمـان لەگـەڵ بکـەن.

لـە کۆتایـی ئـەم پەیڤەمـدا داواکارم لـە سـەرجەم خانـەوادە سـەربەرزەکانی کوردسـتان و پێشـمەرگە قارەمانەکانـی نیشـتمان و ڕۆژە سـەختەکان و شـەڕ و بەرگریکردنـی سـەختی خەبـات و شـۆڕش و ڕووبەڕووبوونـەوەی دوژمنانـی کوردیـان لەبەرچـاو بێـت، لـە ڕۆژی دەنگدانـدا دەنـگ بـە کاندیدانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـدەن، پارتـی بەئەزمـوون و بەتوانایـە لـە ئاسـت ئـەو بەرپرسـیارێتییە مێژووییـەی کـە پارێـزگاری لـە نیشـتمان بـکات و، ڕێگـە نـەدات بـە هەڕەشـە و هێـرش و گەمـارۆی ئابـووری خەڵکـی نانبـڕاو و کۆمەڵکـوژ و دەربـەدەر بکرێـن.






# پارتی یا بهێز بیت کوردستانا پاراستیە و ژلایێ نێڤدەولەتیڤە حساب بۆ رایا پارتی دەهێتە کرن



سەباح بەیتوڵڵا
بەرپرسێ لقا ٩ی پارتی دیموکراتی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو چەترەکا بەرفرەیە هەموو بیروبووچوون و نەتەوەو ئاینا ب خۆڤە دگریت، چونکە حزبەکا سەرتاسەریە و بویە فەهمەکی جڤاکی بۆ هەر تاکەکی کورد و چارەنڤیسێ خۆ پێڤەگرێدایە و گرێدانا هەر مرۆڤەکێ کورد ب ئاخ و نەتەوا وی مکومتر کریە. مێژوو شاهدە هەردەم پارتی یا بهێز بیت کوردستانا پاراستیە باشترین بەلگەژی ئەڤرۆ هەرێما کوردستانی یا پاراستیە، چونکی پارتی یا بهێزە و هێزا سەرەکییە د گورەپانا سیاسیدا و ژلایێ نێڤدەولەتیڤە حساب بو رایا پارتی دەهێتە کرن، بهێزبوونا پارتی دێ پێگەهێ کوردا لە بەغدا یێ کاریگەر بیت و دێشێت گورانکارییێت مەزن بکەت و خالێت دەستوری عیراقی جێبەجێ بکەت و رێکێ ل هەمی پێشێلکارێین دەستوری و یاسایی بگریت و دبیتە بەربەستەك بۆ تێکدانا هەمی پیلانەکێ دژی کوردستان.

بو پاراستنا کورد و کوردستانێ بۆ بدەستڤە ئینانا مافێت دەستوری و یاسایی بۆ جێبەجێکرنا مادێ ١٤٠ و زڤراندنا هەمی دەڤەرێت دەرڤەی ئیدارا هەرێما کوردستانێ و قەرەبوو کرنا مادی و مەعنەوی یا کەسوکارێت شەهید و ئەنفالا و کیمیا باران کریا و بۆ چەسپاندنا مەبدەئێ تەوافق و توازن و شەراکەت و نەهێلانا هێرشێت ئەمنی ل سەر هەرێما کوردستانێ دەنگێ خۆ بدەنە پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەز دبێژم گونەهە پارتی وەکو حزب بتنێ بێتە تەماشاکرن، چونکی پارتی بیرو باوەر و عەقیدەیەکا بهێزە، قوتابخانا مەزنا کوردایەتێ یێ و مولکێ هەمی کوردستانێیەو بارزانی هێما و ناسنامە گەلێ کوردستانێیە ناڤێ کورد و کوردستانێ بناڤێ پیروزێ بارزانی دهێتە نیاسین. پارتی رەشمالا بەرفرەیا تەڤایا لایەن و پێکهاتێت کوردستانێیە.بهەلبژارتنا پارتی هەمی ئومێد و داخازێت گەلێ کوردستانێ دێ بدەستڤە هێن. مادێ ١٤٠ دێ بهێزبوونا کوردا لە بەغدا ب یەك دەنگی و یەك هەلوێستی بدەستڤە هێت. پارتی لسەر وی شەنگەستی هاتیە ئاڤا کرن تەسلیمی ئیرادا دوژمن و داگیرکەران نابیت و دەست ل بوهوستەکا ئاخا پیروزا کوردستانێ بەرنادەت و باشترین بەلگە ژی پارتی مەزنترین شورشا

گەلـێ کوردسـتانێ، شورشـا ئیلونـێ کـرە قوربانـی کەرکـوکا دلـێ کوردسـتانێ و دەسـت لـێ بەرنـەدا کـو ئەڤـە شـانازیەکا گەلـەك مەزنـە کـو پارتـی پـێ د سـەر بلنـدن.

ل سـەر تاسـەرێ جیهانـێ خویـا بویـە کـو شـکاندنا تەلسـما تیرورسـتێت داعـش لسـەر دەسـتێ پێشـمەرگا بوویـە کـە بووینـە هێمایێـت ئـازادی و سـەرفرازیێ لسەرتاسـەرێ دنیایێـی و هەبوونـا جەنابـێ سـەروك بارزانـی لـبەروکێت بەرخوەدانـێ دژی تیرورسـتێت داعـش خالـەکا هـەرە مـەزن و کاریگـەر بـوو بـو شـکاندنا داعشـا و پاراسـتنا کوردسـتانێ. ئەڤرۆ جەنابـێ سـەروك مسـعود بارزانـی بویـە سـەنگا معـادەلا سیاسـی ل دەڤـەرێ و حسـاب بـو رئیـا جەنابـێ وی دهێتـە کـرن و بویـە مەرجەعـێ نەتـەوا کـورد.

داسـتانێن پـردێ و سـحێلا و مەحمودیـە و مەخمـور سـەلماند کـو پێشـمەرگێت پارتـی چ سـەرکەفتن و سـەرفرازی بـوو گەلـێ کوردستانێ تومـار کـر، بـو دوژمـن و داگیرکەرا خویـا بـو کـو مومکـن نینـە بشـێن ئیـرادا پێشـمەرگێت پارتـی و بارزانـی بشـکێنن و بـو ئـازادی و سـەرفرازیا کـورد و کوردسـتانێ قوربانـی چەنـدا مـەزن بیـت دی پێشـکێش کـەت و خـو ناچەمینیـت، چونکـی فەرهەنـگا پارتـی و رێبـازا پیـروزا بارزانـی دا خـو چەمانـدن تێـدا نینـە. لـێ حـەق بـوو دوژمـن و داگیرگـەران دەرس لـ مێژوویـێ وەرگرتبـا کـو ئـەڤ رێبـازە چیایەکـە نـە د هەژیـت و نـە د هەرفیـت هـەر دێ مینیـت سـەر بلنـد.

چەنـد کـەس و لایـەن ل ناڤخـو عیراقـێ دا هەولێـت بـەردەوام دا بـوون بـ هەمـوو رەنـگ و پیلانێـت جوراوجـور بـو تێکدانـا ڤـێ قـەوارا سیاسـی لـێ وان تڤیـا ئـەڤ هـزرە کربـا کـو پارتـی یـا ئامادەیـە د گورەپانێـدا و ناهێلیـت مەرەمێـت چەپەلێـت وان سـەر بگـرن و نـە بـەس ئـەو، بەلکـو دەستهەلاتدارێت عیراقـێ و دەوروبـەر و دەرڤـە ژی گەهشـتنە وێ باوەریـێ کـو حەتـا پارتـی د مەیدانێـدا بیـت ئـەڤ قـەوارە دێ یـا پاراسـتی بیـت، لـەورا ئـەو ژی ب حسـاباتێت خـودا چونەڤـە بەرامبـەر هەرێمـا کوردسـتانێ و نهـو لـ هەولێـرێ ترافیکـەکا سیاسـیا بـەر فـرە هەیـە، چونکـە پارتـی زامنـێ بدەسـتڤە ئینانـا مافێـت گەلـێ کوردسـتانێیە.






# پارتی ب رابەرایەتییا سەروک بارزانی سیاسەتا ئینكار كرنا گەلێ كورد هەلوەشاند و پیلانێن دوژمنا ژناڤبرن



## سەربەست تروانشی

بەرپرسێ لقا ئێك پارتی دیموكراتی كوردستان

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

چەند روژەكێن مای دێ بەرەف سندوقێن دەنگدانێ چین، دڤان هەلبژاردناندا دفێت دروست هەلسەنگاندنا مێژوویێ بكەین، دروست هزر د ئایندەیدا بكەین، چونكە تێگەهشتنا خەلەت كارەساتەكا مەزنە بو هەمی خەلكێ كوردستانێ، لەوما پێویستە هەمی لایەك خو ب بەرپرسیار بزانین و رەحمێ ب چارەنڤیسێ خو ببەت.

بەری ٦٠ سالان بارزانیێ نەمر ژ شكەفتەكێ ڤە دەستپێكر، ل وی دەمی سیناهیەك ل كوردستانێ نەدهاتە دیتن و ئەوا دگوتێ ژیان ژ مرنێ خراپتر بوو، بەلێ پشتەڤانیا خودێ و هێز و ئیرادا گەلێ مە ئەم گەهاندینە رۆژا ئەڤرو. ئەگەر شورەشا ئیلونێ نەبا و ٧٥ سالێن خەباتا پارتی نەبا، شورەشا گولانێ و سەرهەلدان دیفرا نەدهاتن. ئەگەر سەركردایەتیا حەكیمانەیا سەروك بارزانی و هێزا پێشمەرگەی نەبا ئەڤرو دروست نەدبوو.

ژبەر هندێ دێ بێژین نابیت هەر ئێك لدویف ویژدانا خو حوكمی لسەر رابردوویی و تەڤ خەبات و قوربانیا بدەن.

بوڤێ چەندێ ژی هیڤیدارین دڤان هەلبژاردنادا، هەمی پێكڤە و ژ نیڤا دلێ خو روژا ١٠ی ١٠ بچنە سەر سندوقێن دەنگدانێ و دەنگێن خو بدەنە كاندیدێن پارتی دیموكراتی كوردستان. ژبەر كو هەر كێم خەمییەك دڤان هەلبژاردنادا بهێتە كرن، دێ هەمی دەستكەفتا ب كەرامەتا گەلێ خوڤە ئێخینە د مەترسیێدا.

دڤان ٣٠ سالێن چوویدا، د رووبرووبوونێت سەخت و مەزندا و د شەرێ مان و نەمانێدا، ئەم شیاین بەدەستەكێ كوردستانێ ئاڤەدان بكەین و بدەستەكێ بپارێزین.

دوژمنا و پشتەڤانێت وان هەمی هەولدان كرن كو دەستێ وان بگەهیتە پیروزترین پیروزێین مە، بەلێ مە كاروانەكێ قەهرەمانا كرە قوربان و ملەتێ خو مە پاراست و بو تێكدانا هەمی پیلانا ژی هێزا پێشمەرگەی و جەنابێ سەروك بارزانی و ئیرادا خەلكێ كوردستانێ گرەنتیا سەركەفتنان بووینە.

پارتی دیموكراتی كوردستان ب سەروكاتیا سەروك بارزانی هێزەكا زیندی و روحییەتەكا ڤەشارتی یا هەی و كەس نەشێت ژناڤ ببەت، ژبەر كو سەروك بارزانی سیاسەتا ئینكار كرنا گەلێ كورد هەلوەشاند و شیا مرۆڤێن شورەشگێڕ درووست بكەت و بكەتە چەكەك مەزن و نەخشە و پیلانێن دوژمنا پێ ژناڤ ببەت، هەروەسا شیا ژ (نێزیك بوون و هەڤگرتنێ) هێزێ درووست بكەت و ژ ترسێ (جورعەت و شجاعەتێ) درووست بكەت و ژ رەڤێ (هێرش و داستانا) درووست

بکەت، ژ بەندا زلامێن فیدا ئاڤا بکەت.حەز و ڤیان و ئیرادێ ل وەلاتی بچینیت و مروڤا بکەتە چەکەکێ گران و کەلها زوردارێی پێ هەرفینیت.

پارتی و بارزانی د مەزنترین بەرتەنگی دا نەهێلا مورالا گەلێ مە بکەڤیت و تەرکیز لسەر بەرەڤانی کر و شەرکەرێن نوی درووست کرن.د (٢٥ی ئیلونێ دا) مێژوویەکا پڕ سەروەری درووست کر کو مەزنترین دەستکەفتە د دیروکا گەلێ مەدا و هەمی کوردستانی شانازێی پێ دکەن.

بەرنامێ مە درێژە پێدانە ب خەبات و قوربانێیت(٧٥) سالێن پارتی دیموکراتی کوردستان، شاراندنا خەباتێیە بو دەستکەفتێن زێدەتر، درێژەپێدانە ب کاروانێ ئاڤەدانکرن و بەرەف پێشڤەبرنێ، پاراستنا وێ ئارامێی یە یا هەمی کوردستانی شانازێی پێ دکەن.

ژبەر ڤێ چەندێ داخوازا مە ژ خەلکێ کوردستانێ ئەوە ب ریکلامێن هەلبژاردنا نەهێنە خاپاندن، دوهێ ئەوێن لە بەغدا هەولدان نانێ خەلکی بهێتە برین، ئەڤرۆ یێ خو ل داخوازێین خەلکی دکەنە خودان، دوهی دڤیا ناڤێ حکومەتێ و پەرلەمانی لسەر نەخشێ کوردستانێ نەهێلن، ئەڤرو یێ بەحسێ مافێن خەلکی دکەن و دڤێت ببنە نوێنەرێن کوردا ل بەغدا.لەورا دڤێت مللەت نەك دەنگێ خو نەدەتێ، بەلکو ب دەنگێن خو پیلان دانەرێن خرابێی سزا بدەن و ڤەکولینێ لسەر راستیا گوتنێن هەمیا بکەن. لڤێرە دڤێت ملەت بێژتە وان کەسا ئەوێن ب باشی دوژمنی نەخوینن جهێ هەوە ل پارێزگەها دهوکێ نینە.

ئەگەر پیروزترین پیروزی (دین و خەلك وکەرامەت) بن کەواتە لسەر مە فەرزە دەنگێ بدەینە وێ هێزێ یا دین و خاك و کەرامەتا مە دپارێزیت، و ل رۆژێن سەخت و دژواردا خو ل مە دکەتە خودان.

پارتی ئەو هێزە یا ئەڤرو و ئایندێ خەلکێ کوردستانێ پێڤە گرێدایی، چونکی بنیاتێ پەیوەندێین پارتی دگەل خەلکێ کوردستانێ لسەر بنچینێ ئەمانەت و باوەرێی هاتینە درووستکرن.

دەنگێن وە بو کاندیدێن پارتی دێ دماهێی ب داگیرکارێی ئینیت و پاشەروژەکا نو و مەزن و ژ هەژی بەردەست کەت بو تەڤایا خەلکێ کوردستانێ.






# بوونی پارتی وەک پارتێکی بەهێز لەسەر ئاستی عێراق ڕەوایەتی بە قەزییەی کورد و دەستەبەرکردنی مافەکانی دەدات



**دیار حوسێن**

ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری نەتەوەیی و ڕۆحی، فێری کردووین کە چۆن (شانازییە بۆ مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت)، ڕێبازی بارزانی لەسەر بنەمای کوردایەتی و بەرگریکردن و پاراستنی هەموو پێکهاتە کوردستانییەکان دامەزراوە و، کادیر و ئەندام و جەماوەری پارتییش هەر لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە، درێژەپێدەری خەبات و نوێنەرایەتیی گەلەکەیانن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ئاسوودە و ئارام و سەقامگیر بژی.

هەر لەسەر ئەم بیروباوەڕە مرۆڤایەتی و بەرزەی کوردایەتی، لە ڕۆژەکانی یەکەمی ڕاپەرینە مەزنەکەی گەلی کوردستان، سەرۆك مسعود بارزانی لە وتارە مێژووییەکەیدا لەشاری کۆیە باسی گرنگیی گۆڕینی شەرعییەتی شۆڕشگێڕیی بۆ شەرعییەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانی کرد و، هزری دیموکراتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر کرد، بەمەش هەڵبژاردن و ئازادی و دیموکراتی هاوشێوەی خەبات و شۆڕش و بەرخۆدان، دەستکەوتێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و درێژەپێدەری ئەو خەبات و خزمەتەی خەڵکە، کە لەسەر دەستی ڕابەری نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی دامەزراوە.

ئەمڕۆش کە گەلەکەمان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەڕۆن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکان، گرنگە بە عەقڵ و لۆژیك و ویژدانەوە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، ئەوە سەرۆك مسعود بارزانی بوو کە بنەماکانی مافی فیدراڵیی بۆ گەلی کوردستان و دیموکراسی و هاوبەشیی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کرد، پارتی بوو لە گەرمەی کێبڕکێی حزبیدا سەرقاڵی کێبڕکێ بوو بۆ بەدەستهێنانی ماف و شایستە داراییەکان و قووت و مووچەی خەڵکی کوردستان و، لە ڕۆژە سەختەکانی گەمارۆ و قەیران و شەڕی داعش و پەتای کۆرۆناشدا لەبەرپرسیارێتی هەڵ نەهات، بوونی پارتی وەکو پارتێکی بەهێز لەسەر ئاستی عێراق، ڕەوایەتی بە قەزییەی کورد و مافی کوردستانییان دەدات، بوونی پارتێکی بەهێز، واتا کوردستانێکی بەهێز لە عێراقدا، پارتی لە بەغدا لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا ئەوەی سەلماند کە لە پێناو یەکڕیزی و تەبایی نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا، دەستبەرداری زۆر لەو پۆست و دەستکەوتانەش بوو کە بەپێی ئیستحقاقاتی کورسییەکانی دەستی دەکەوت.

پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات

لەپێناو جێبەجێکردنی هەموو مادده و بڕگەکانی ناو دەستووری هەمیشەیی عێراق، بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەرکاتێك پارتی لاواز بووە، گەلی کوردیش دەستکەوتی زۆری لەدەست داوە، هەمووان بینیمان کە چۆن لەدوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە تەواوی ئەو ناوچانەی کەوتنە ژێر دەستی میلیشیای چەکدار و هێزی نامۆ بە خەڵکی ناوچەکە، چییان بەسەر هاتووە و، ئێستا کەرکووك ناناسرێتەوە، بۆیە خەڵکی تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە کەرکووك و مووسڵ و دەشتی نەینەوا و دیالەوە، پێویستە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرن، چونکە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەتوانن لە بەغدا بەرامبەر نەیارانی کورد بوەستنەوە و، قەناعەتیان پێ بهێنن کە نەتەوەی کوردیش نەتەوەیەکە و خاك و زمان و کولتووری خۆی هەیە و، ئەو مافەشی هەیە کە لەسەر خاك و نیشتمانی خۆی ئازادانە بژی و، سەربەخۆیی و سنوورێکی جوگرافیی هەبێت و، بە تەواوی مافە تاکەکەسی و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی شاد بێت، بۆیە کوردێکی بەهێز لە بەغدا پێویستی بە پارتێکی بەهێز و جێگیر لە سەقامگیری و پابەند بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەیە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزەیە لە عێراق و کوردستان، کە دەتوانێت لەگەڵ عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە و تورکمان و مەسیحی و کلدان و ئاشوور و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان پێکەوە کار بکات، ئەوەتا لە سنووری مەخموور دوو کاندیدمان هەیە، کە بە ڕەگەز عەرەبن و لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەش پارتی دیموکراتی کوردستان کاندیدی خۆی هەیە و، بڕوای بەوە هەیە کە هەمووان پێکەوە کاری هاوبەش ئەنجام بدەین.

پارتی دیموکراتی کوردستان زەروورەتێکی مێژووییە، نەك تەنیا بۆ ئەم هەڵبژاردنە، بەڵکو تا ماوین بۆ پێکەوەژیان لە عێراق و دان پێدانان بەمافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و دیموکراسی بۆ عێراق و سەربەخۆیی بۆ کوردستان پێویستییەکی هەمیشەییە.




**لە پێناو داکۆکیکردن لە مافەکانی تورکمان، کلدان سریان ئاشوور، ئەرمەن و سابیئەی مەندائی، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**



**ئاشکرایە پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر بەهێزترین پێگەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵکو حزبێکی گەورە و کاریگەری نێو گۆڕەپانی سیاسی عێراقیشە و ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی خۆی هەیە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق و کوردستانیش ئەمەیان سەلماندووە، ئەمجارەش پارتی بە گوڕ و تینەوە بەشداریی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دەکات و، بە ئومێد و متمانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و چاوی لەوەیە وەك هەمیشە بە پێگەیەکی بەهێزەوە بچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات لە پێناو بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی زیاتری دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان. لەم ڕووەوە عەلی خەلیل بەرپرسی لقی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێی گۆڤاری گوڵانەوە بەم شێوەیە گوزارشتی لە پەیامی خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان کرد:**

## عەلی خەلیل

**بەرپرسی لقی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بەهێزبوونی پارتی مایەی دڵنیاییە بۆ سەرجەم پێکهاتەکان کە نە سازش لەسەر مافەکانیان دەکرێت و نە دەست لە داواکارییەکان هەڵدەگرێت

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە بەشداربوونی چالاکانەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا لە سۆنگەی پەرۆشی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەم حزبەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە پێگەیەکی بەهێزەوە درێژە بە بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە مافە دەستووری و ڕەواکانی هەرێمی کوردستان بدات. لەم روانگەیەوە پەیام و بانگەشەی ئێمە بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی سنوورەکەمان بە کورد و عەرەب و کریستیان و لایەنەکانی دیکەوە ئەوەیە کە بەشدارییەکی چڕی پرۆسەی دەنگدان بکەن و متمانەی خۆیان بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ببەخشن. چونکە بەهێزبوونی پارتی لە بەغدا مایەی دڵنیاییە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە کە نە سازش لەسەر مافەکانیان دەکرێت، نە دەست لە داواکارییەکان هەڵدەگرێت. لەبەر ئەوەی هەمیشە پارتی لە سەنگەری پێشەوە و لە بەرەی بەرەنگاری بووە بۆ پاراستنی قەواری هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، لە هێرش و پەلامار و هەر مەترسییەکیشدا کە ڕووی لە کوردستان کردبێت، پارتی درێغی نەکردووە لە فیداکاری و قوربانیدان و توانیوەیەتی

بە ڕێبەرایەتی جەنابی سەرۆك و پاڵپشت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەترسییەکان ڕەوێنێتەوە و ئارامی و سەقامگیری بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە. هەروەها ئەوەی شایستەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە کاتێك پارتی بوونی هەبوویێت لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش و هەندێ شوێن و ناوچەی پارێزگای مووسڵ، ئەوا ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی باڵیان بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشاوە، ئەمەش پێمان دەڵێت کە چەند پێویستە ئێمە کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی زۆرترین کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکەوتن بەدەست بهێنن، تاوەکو پێگەی کورد و هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت و پارتی بتوانێت باشتر بەرجەستەی مافەکانی ئەم هەرێمە بکات. هەروەها لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بکەین کە لە کاتی شەڕ و پەلاماری داعش و دوای داگیرکردنی پارێزگای مووسڵ و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی، ئەوا جەنابی سەرۆك دەمودەست دەرگای هەرێمی کوردستانی بۆ والاکردن و سەرەڕای قەیرانەکانی سەر هەرێمی کوردستانیش، بەڵام وەك هەر هاووڵاتیەکی دیکەی هەرێم شوێن و ژیان بۆ ئاوارەکان فەراهەم و دابین کرا. هەر ئەم هەڵوێستەش هۆکاری ئەوەیە کە عەرەب و کریستیان و پێکهاتەکانی دیکەی مووسڵ هەست و سۆزێکی بەرز و گەورەیان بۆ بارزانی و هەرێمی کوردستان هەبێت، لە هەمان کاتدا ئەو خەڵکانە ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە هەر کاتێك ئیدارەی مووسڵ بەدەست پارتی بووە، ئەوە مووسڵ هەنگاوی بەرەو ئاوەدانی و گەشەکردن هەڵگرتووە. لەبەر ئەوە خەڵکانێکی زۆر لە عەرەب و کریستیان و پێکهاتەی نەتەوەیی دیکە و ئایین و ئاینزاکان لە شاری مووسڵ و سنووری پارێزگاکە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەن. ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە نەك هەر پارێزگاری لەو ڕێژەی دەنگە بکەین کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بە دەستمان هێنابوو، بەڵکو چاوەڕوانی هەڵکشانی زیاتری دەنگەکانمان دەکەین. هەر بۆیە من دڵنیایی دەدەمە خەڵکی کوردستان کە بە بەهێزبوونی پێگەی پارتی لە بەغدا، ئەوا ڕۆڵ و پێگەی کورد و هەموو هاونیشتمانییەك بەهێز دەبێت.






# بۆ ئەوەی لە بەغدا کورد مافەکانی بە دەست بهێنێت دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن



**دکتۆر محەمەد خورشید**

بەرپرسی لقی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک

بۆ گوڵانی نووسیوە

پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر بەهێزترین پێگەی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵکو حزبێکی گەورە و کاریگەری نێو گۆڕەپانی سیاسیی عێراقیشە و ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاوی خۆی هەیە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق و کوردستانیش ئەمەیان سەلماندووە، ئەمجارەش پارتی بە گوڕ و تینەوە بەشداری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق دەکات و بە ئومێد و متمانەوە هەنگاو هەڵدەگرێت و چاوی لەوەیە وەك هەمیشە بە پێگەیەکی بەهێزەوە بچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات لە پێناو بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی زیاتری دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان.

پارتی خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندی کوردایەتییە، پارتی لە ڕۆژە سەختەکاندا نوێنەرایەتیی گەلی کوردستانی کردووە و هەرگیز موساوەمەی لە قەزییەی نەتەوەکەی نەکردووە، ئامادەش نەبووە ڕۆژێك لە ڕۆژان خاکی خۆی بفرۆشێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، خاوەنی ناوەندێکی بڕیاری بەهێزە و سەرۆك مسعود بارزانی ئاراستەی دەکات و، پارتییەکان و جەماوەرەکەی پابەندن بە دیسیپلینی نەتەوەیی و نیشتمانی، نوێنەرەکانی پارتی لە بەغدا بە ئەزموون سەلماندوویانە کە پابەندی یەکریزی و داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی نەتەوەی کورد و کوردستانیانن و نوێنەرایەتی هەموو گەلی کوردستان دەکەن بە جیاوازی نەتەوەیی و ئایین و ئاینزاکانیەوە. ڕێبازی پارتی شێوازی خەباتی بۆ کادیر و ئەندام و جەماوەرەکەی پارتی دیاری کردووە، هەر کاتێك فشار و هێرش بۆ گەلی کوردستان و مافە ڕەواکانی ئەم گەلە هاتووە، هەر پارتی بووە ڕیزی پێشەوەی موقاوەمەت و خەباتی بەرنەداوە و لەم پێناوەدا شەهید و قوربانی پێشکەش کردووە و، سەری بۆ هیچ دوژمنێك نەچەماندووە. بوونی مەرجەعییەتێکی باڵا لەناو پارتی وای کردووە ئەم حزبە بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕەکانیەوە دواجار لەسەر یەك ڕێبازی خەبات و بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان کۆك بن و، لە بەغدا یەك نوێنەرمان خۆی نەفرۆشتووە لە بەرگریکردن لە مافەکانی گەلی کوردستانیش سازشیان نەکردووە.

لەسەر ئاستی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان

پارتی بوو لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە سەری نەچەماند و ڕووبەڕووی هەموو ئەو هێرشانەش بووەوە کە کاریان لە سەر سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کوردستان دەکرد، بۆیە ئەرکی سەرشانی کەرکووك و کەرکووکییەکانە لە ڕۆژی دەنگدان هەمووان بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە ویژدانەوە دەنگ بدەن و دەنگ بە هەردوو کاندیدی پارتی لە بازنەی ١ ژمارە ٣٠ شاخەوان عەبدوڵا و کاندیدی بازنەی ٢ ژمارە ٥٢ مامۆستا نەجوا حەمید بدەن. بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا بەهێز بێت، هەروەکو چۆن لە هەموو سیستەمێکی فیدراڵیدا مەرجە هەرێمە فیدراڵییەکان بەهێز و یەکگرتوو بن، بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بە سەریاندا زاڵ نەبێت، پێویستە کورد بەهێز و بە یەکگرتووییەوە لە بەغدا بێت، بۆ ئەوەی تەواوی مافەکانی دەستەبەر بێت، بۆ ئەم کارەش پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو پارتێکی بەهێز و سەقامگیر و خاوەن ئەزموون و بەرگریکار لە قەزییەی کورد و پارێزگاریکردن لە خاك و نیشتمان ڕۆڵی خۆی هەیە. کورد دەبێت ئەو ڕاستییە بزانێت ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختە بۆ ڕاستکردنەوەی دۆخی ناسەقامگیریی سیاسیی عێراقە و ئەگەر نوێنەرانی کوردستان پارتێکی بەهێز لە پشتیان نەبێت لە بەغدا، ئەوا مافەکانی گەلی کورد دەکەوێتە مەترسییەوە و کاریگەریی لەسەر ژیان و بارودۆخی هەمووان دەبێت.

پارتی بەهێزە بە سەرۆك مسعود بارزانی، کە هەموو کوردی هەرێمی کوردستان و کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەزانن سەرکردەیەکی لۆکاڵی نییە و سەرکردەیەکی دیاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانە، ئەو پارتەی ئەم سەرکردە گەورەیە ڕابەرایەتی دەکات، ئەوا سەرۆك بارزانی دەتوانێت کاریگەریی جددی لە سیاسەتی نێوخۆی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات و، ئەندامەکانی پارتی لەژێر ڕێنماییەکانی سەرۆك بارزانی باشتر کاردەکەن و تەنانەت هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش گوێی لێ دەگرن و هەوێنی یەکریزی نەتەوەی کورد و چارەسەرکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە لە عێراقێکی ناسەقامگیردا.








**عومەر ئورەیی**

**بەرپرسی لقی ١٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بۆ ئەوەی پێگەی کوردستان بەهێزتر بێت، ئومێدەوارین دەنگدەران دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن

**هەڵبژاردنە پێشوەختە پەرلەمانییەکەی عێراق گرنگی و کاریگەریی نەك هەر لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئایندەی عێراق دەبێت، بەڵکو دەرئەنجامەکانی کاریگەری و دەرهاویشتەی لەسەر پێگە و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەبێت، پارتی دیموکراتی کوردستانیش وەك پارتێکی پێشەنگ و خاوەن زۆرترین سەنگ و قورسایی، بەشداریی جددی و چالاکانە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دەکات و، ئومێد و چاوەڕوانییەکان ئەوەیە کە سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات، لەم ڕووەوە عومەر ئورەیی بەرپرسی لقی ١٨ی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لە پەیامێکدا بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان دوا:**

هەڵبژاردن باشترین و کاراترین ڕێگای هێنانەئارای گۆڕانکارییە و، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوە بە هاووڵاتیان ڕەوا بینراوە کە مومارەسەی مافی دەنگدان بکەن و، لەم ڕووەوە ئێمە هانی سەرجەم دەنگدەران دەدەین کە لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن و، باوەڕ و متمانەی خۆیان ببەخشنەوە بەو پارتەی کە هەمیشە داکۆکیکاری سەرسەختی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان بووە، کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە.
لەلایەکی دیکەوە بانگەشە و بانگەوازی ئێمە بۆ دەنگدەرانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە، کە ئەگەر دەیانەوێت بە مافەکانیان شاد ببنەوە و بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ڕوو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن و ڕەچاوی ئەوە بکەن کە کام لایەن و حزب داکۆکیکار و پارێزەریانە و، کام حزبە کار و کۆششی کردووە و قوربانیی گەورەی داوە بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی ناوچەکانیان، کە ئەگەر بە ئینساف و دادپەروەرییەوە حوکم بدەین، ئەوا

ئەم لایەنە پارتی دیموکراتی کوردستانە. چونکە بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە ئاشکرایە کە پارتی لە هەر شوێنێك و ناوچەیە بوبێت، ئارامی و سەقامگیری و دڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە، چونکە پارتی پەرۆشانە و پشوودرێژانە و فیداکارانە لە هەوڵی پاراستنی ژیان و گوزەران و کەرامەتی خەڵکدا بووە، هەروەها هەمیشە پارتی بەرەنگاری هێرش و پەلامارەکانی سەر هەرێمی کوردستانی بووەتەوە، ئەوە بوو کاتێك کوردستان ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە بووەوە، بە بڕیار و سەرکردایەتیکردنی جەنابی سەرۆك بارزانی و بە خۆڕاگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوەیەکی قارەمانانەدا توانرا ئەو هێزە تێك بشکێندرێت، کە ویستیان کۆتایی بە قەواری هەرێمی کوردستان بهێنن. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو لایەنە ڕاستەقینەیە کە جێگای ئومێدی دواڕۆژی گەلی کوردستانە و، سازش لەسەر مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کوردستان ناکات. کەواتە پەیامی ئێمە ئەوەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بگاتە دواڕۆژی خۆی و ئەم هەرێمە پارێزراو بێت و، پێگەی کورد و کوردستان لە بەغدا بەهێز بێت، داوا لە دەنگدەرانی کوردستان دەکەین حزبەکەی خۆیان بکەنەوە بە حزبی پێشەنگ و ژمارە یەك، ئەوەی پەیوەست بێت بە سنووری لقی ئێمەوە کە بازنەی یەکی پارێزگای (دهۆك-ئامێدی)ـە، ئەوا ئێمە چوار کاندیدمان هەیە و پشتڕاست و ئومێدەوارین هەر چوار کاندیدمان دەردەچن، بە شێوەیەکی گشتی و بە تێڕوانین و پێشبینی ئێمە، هەر ١١ کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرتاسەری پارێزگای دهۆك دەنگ دەهێنن و دەردەچن و دەبنە نوێنەری ڕاستەقینەی داواکار و داکۆکیکاری مافە نەتەوەیی و دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لە بەغدا، ئێمە لە دهۆك هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بە چڕی و گەرم و گوڕییەوە بەڕێوە دەبەین و پشتیوان بە خودا و بە جەماوەر و دەنگدەری دڵسۆزی خۆمان و پشتئەستوور بە حیکمەتی سەرکردایەتیی حزبەکەمان، سەرکەوتنی گەورە تۆمار دەکەین و ڕێژەی کورسییەکانمان بەرەو هەڵکشان دەبەین.






# هەڵبژاردن و گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا



**عەبدولحوسێن شەعبان**

توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەڵبژاردن توخمێكی گرنگی پرۆسەی دیموكراسی و سیاسییە لەسەر ئاستی سەرجەم سیستەمەكانی حوكمڕان لە جیهاندا، هەڵبژاردن وەك تەحەددییەك بە هەستیارییەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی حزب و لایەنە سیاسییەكان، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی و نەرێنیی دەبێت لەسەر گشت بوارەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری، هۆكاری كاریگەریی هەڵبژاردن لە دوو خاڵدا دەردەكەوێت، یەكەمیان: پەیوەستە بە مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەكان، بەتایبەتیش ماف و ئازادییە سیاسییەكان كە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕەوایەتییان پێ دراوە، دووەمیان: پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە چوارچێوەی یاسایی و ئیداریی ڕێكخستنی هەڵبژاردنەكان و چۆنێتیی گونجان و بەراوردكردنیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەكان بە هەموو بنەما و ڕێسا و هێڵە گشتییەكان.

ئەگەر بە مێژووی هەڵبژاردنەكاندا گوزەر بكەین، دەبینین لەوەتەی لە كۆتایی هەشتاكان و سەرەتای نەوەتەكان شەپۆلی دووەمی گۆڕانكارییەكان ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، گۆڕانكاریی بەردەوام لە دیدوبۆچوون و داخوازی و بەرنامەكانی حزب و هێزە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هاتووەتە ئاراوە، ئەم گۆڕانكارییانە تەوەر و ئاراستەی جیاجیایان لێ كەوتەوە.

ئەم پێشهات و گۆڕانكارییانە لەسەر ئاستی جیهاندا بە فراوانی دەركەوتن، بەتایبەتیش لە وڵاتانی خاوەن سیستەمی سۆسیالیستی و تۆتالیتاری و هەندێك لە وڵاتانی ئەمریكای لاتین كە سیستەمی حوكمڕانییان دیكتاتۆری و ستەمكاری بوو، وێڕای چەند دەوڵەتێكی ئاسیا و ئەفریقیا.

لەسەر ئەم بنەمایانە دەبینین كە هەڵبژاردنی دیموكراسییانە بێ ئەوەی مافی سیاسی دەستەبەر بكات، كە مەبەست مافی ڕادەربڕین و خۆپیشاندان و گردبوونەوە و مافی ڕێكخستنی سیاسی و دامەزراندنی حزب و كۆمەڵە و سەندیكاكانە، هەڵبژاردنێك نابێت لە چوارچێوەی ڕێسا و بەرنامەكانی دیموكراسی، بەڵكو گوزارشت لە شێوەیەكی نادروستی مافی مرۆڤ و ئازادییەكان دەكات. لێرەدا كاتێ باس لەوە دەكەین كە ڕەخنەیەكی زۆر لە دەستووری عێراق و سیستەمی هەڵبژاردن دەگیرێت بەوەی

کە رێز لە پێوەر و پایەندییە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن ناگرن لە رووی دەستووری و یاساییەوە، هەروەك لە ماددەی (٢٥)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا هاتووە تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

ڕاستییەکەی، دەبوو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە شەشی حوزەیران ئەنجام بدرایە، بەڵام هەندێك هۆکار هاتنە پێشەوە، لەوانە، تەکنیکی: وەك ئامادەنەکردنی ژێرخانی هەڵبژاردنەکان، دارایی: وەك دواکەوتنی بڕیاری تەرخانکردنی بوودجەی پێویست، یاسایی: وەك تەواونەبوونی پێکهێنانی دادگای فیدراڵی، سیاسی: وەك نەبوونی پەرۆشی و ئارەزووی بەشداریکردن، لای هەندێ لە هێزە سیاسییەکان.

ئاشکرایە کاتێك دەرگای خۆپاڵاوتن داخرا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاند کە ڕەزامەندیی داوە لەسەر (٤٤) هاوپەیمانی و(٢٦٧) حزب، کەواتە ژمارەی کاندیدەکان (٣٥٢٣) کاندیدە، لەوانە (١٠٠٢) کاندید لە هاوپەیمانەکان و (١٦٣٤)یش لە حزبەکان، بەڵام ژمارەی بێلایەنەکان (٨٨٧) کاندیدە، لە کۆی گشتیی کاندیدەکان رەچاوی کۆتای ئافرەتان بە ٢٥٪ کراوە، واتا (٩٦٣) ئافرەت کاندیدن، زانراویشە کە (٢٥) ملیۆن هاووڵاتیی عێراقی مافی دەنگدانیان هەیە لە (٨٣) بازنە، بۆ هەڵبژاردنی (٣٢٩) نوێنەر، بەپێی یاسای تازە کە خاوەن بەرزترین دەنگ سەردەکەوێت.

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١ دەبێ چۆن بێت؟ ئایا هەر لە چوارچێوەی پێشتردایە، واتا شیعە و سوننە و کورد، یان نەخشەی هەڵبژاردن و تۆبۆگرافیی هاوپەیمانێتییەکان گۆڕانکاریی بەدوادا دێت، لە چوارچێوەی ڕکابەری و کێبڕکێی ماراسۆنی؟ لێرەدا دەتوانین ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو هێز و لایەنانەی بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە دەکەن:

**لیستەکانی شیعە:**

کوتلەی سائروون: بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر، کە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانیی ئێستایە و، داوای پۆستی سەرۆك وەزیران دەکات.




**له پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزش دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

کوتلەی فەتح: بە سەرۆکایەتیی هادی عامری و قەیس خەزعەلی، واتا بزووتنەوەی بەدر و سادقوون، کە لە گەورەترین کوتلەی نزیك لە ئێرانە، توانای دارایی و ئابووری و سەربازیی هەیە.

**کوتلەی دەوڵەتی یاسا:** بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی، سەرۆك وەزیرانی دوو خول (٢٠٠٦-٢٠١٤)، کە حزبی دەعوەی لەگەڵدایە، وێرای حزبوڵڵای عێراقی نزیك لە ئێران.

**ڕەوتی حیکمە:** بە سەرۆکایەتیی عەممار حەکیم، بە هاوبەشی لەگەڵ کوتلەی نەسر، بە سەرۆکایەتیی سەرۆك وەزیرانی پێشتر حەیدەر عەبادی (باڵێکی حزبی دەعوەی ئیسلامی) و چەند کوتلەیەکی بچووکیشی لەگەڵدایە.

**ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی:** بە سەرۆکایەتیی هومام حەممودی، بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوی کاری ئیسلامی.

**لیستەکانی سوننە:** بە سەر سێ گرووپی بنەڕەتیدا دابەش دەبن:

کوتلەی ئەنباری: بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان (محەمەد حەلبووسی) کە هەوڵ دەدات نوێنەرایەتیی سوننەی سیاسی، یان گەورەترین باڵی سوننە بکات، بە پشتیوانیی شیعەی سیاسی.

کوتلەی سەلاحەدین: کە هەندێ سوننەی ئەنباری تێدایە، وەك سەرۆکی حزبی (حەل) جەمال کەربوولی، کە لە حەلبووسی جیابووەتەوە و، کەسایەتیی وەك خەمیس خەنجەری تێدایە، کە سەرۆکایەتیی هاوپەیمانیی (عەزم ئەلعێراق) دەکات، کە دواتر سەلیم جەبووری سەرۆکی پێشتری پەرلەمان هاتە پاڵییەوە.

کوتلەی مووسڵییە: بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پێشتری پەرلەمان ئوسامە نوجێفی، بە هاوپەیمانی لەگەڵ خاوەنکار جەمال ئەلزاڕی (پرۆژەی نیشتمانیی بۆ ڕزگاری)، بەم شێوەیە دەبینین کە گرووپەکانی سوننە، ئەوانیش پەرش و بڵاو و پەڕاگەندەن.

**لیستەکانی کورد:**

دوو لیستی سەرەکی کە لە ڕووی مێژوویی و نەریتییەوە دابەش بووە لەنێوان دوو حزبی بنەڕەتیدا، یەکەمیان پارتی دیموکراتی کوردستان، دووەمیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

بەڵام کوتلەکانی هەڵبژاردن برتیین لە: کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دیارترین سەرکردە لە خۆ دەگرێت، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسرور بازانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم.

هاوپەیمانیی کوردستانی، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێتەوە.

جگە لەمانەش هەندێك کوتلە و لایەن و هێز هەن لەوانە: ئیئتلافی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی، کە هاوپەیمانە لەگەڵ ساڵح موتڵەگ (بەرەی حیوار)، کە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ توانی (٩١) کورسیی بەدەست بهێنێت، بەڵام نەیتوانی وەزارەت پێك بهێنێت، ئەویش دەسەڵاتی پووکایەوە، کە دواجار نوری مالیکی بۆ جاری دووەم بووەوە بە سەرۆك وەزیران.

### هێزە مەدەنییەکانی دیکە

چەندین گرووپ و هێزی مەدەنی هەن، کە لە دەرەوەی ئەو کوتلانەی سەرەوەن، لەوانە حزبی شیوعیی عێراق، کە پێشتر هاوپەیمانی کوتلەی سائیروونی موقتەدا سەدر بوو، لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ بە دوو نوێنەر سەرکەوت، بەڵام دواتر لە ناڕەزاییەکانی تشرین دەستیان لەکار کێشایەوە، هەروەها هەندێ کوتلەی دیکە هەن کە نوێنەرایەتیی گرووپە ئیتنی و ئایینییەکان دەکەن، جگە لە چەند کاندیدێکی سەربەخۆی بێ لایەن چ بە تاك، یان هاوپەیمان لەگەڵ کوتلەکانی دیکە.

ئەگەر نیمچە کۆ دەنگییەکی میللی هەبێت کە بڕوای بە گۆڕانکاری هەبێت چ بە هەڵبژاردن، یان بە ڕێگای دیکە، ئەوا زۆرینەی کۆمەڵگەی عێراقی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە پێویست ناکات تەنیا هیوا لەسەر هەڵبژاردن هەڵبچنن بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییە، لەسایەی یاسای هەڵبژاردن کە خواست و داواکاری و ئاواتەکانیان ناهێنێتە دی.

ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی عێراقی تێکەوتووە، تا بڵێی مەترسیدار و مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەتایبەتیش شلۆقیی

**لە کۆی گشتیی کاندیدەکان ڕەچاوی کۆتای ئافرەتان بە ٢٥٪ کراوە، واتا (٩٦٣) ئافرەت کاندیدن، زانراویشە کە (٢٥) ملیۆن هاووڵاتیی عێراقی مافی دەنگدانیان هەیە لە (٨٣) بازنە، بۆ هەڵبژاردنی (٣٢٩) نوێنەر، بەپێی یاسای تازە کە خاوەن بەرزترین دەنگ سەردەکەوێت**

**ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرەی عێراقی تێکەوتووە، تا بڵێی مەترسیدار و مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بەتایبەتیش شلۆقیی باری ئەمنی، لەولا چەکی بێ مۆڵەت بە شێوەیەک بووەتە دیاردە، کە زۆر ئەستەمە کۆنترۆڵ بکرێت**

**زۆرینەی کۆمەڵگەی عێراقی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە پێویست ناکات تەنیا هیوا لەسەر هەڵبژاردن هەڵبچنن بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆڕانکارییە، لەسایەی یاسای هەڵبژاردن کە خواست و داواکاری و ئاواتەکانیان ناهێنێتە دی**

بـاری ئەمنـی، لـەولا چەکـی بـێ مۆڵـەت بـە شـێوەیەك بووەتـە دیـاردە، کـە زۆر ئەسـتەمە کۆنتـرۆڵ بکرێـت، ئەویـش کاتێـك ئـەو چەکانـە لـە دەسـتی میلیشـیاکاندایە و گاڵتەیـان بـە یاسـاو دەوڵـەت دێت، جگـە لـە چەندیـن تاوانـی تیرۆرکردنـی ڕۆژنامەنـووس و چالاکـی مەدەنـی، کـە دەوڵـەت دەسـەڵاتی لێپێچینـەوەی نییـە، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا کاریگەریـی بـۆ سـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان دەبێـت.

ئـەو هێزانـە پێیـان وایـە کـە تەنیـا بەشداریکردن لـە هەڵبژاردنەکانـدا لـە سایەی ئـەو ئەنجامانـەی کـە پێشـوەختە یەکلایـی کراونەتـەوە، دەبێتـە هـۆی نائومێدیـی زیاتـر و بێمتمانەیـی بەرانبـەر بـە یاسـا و دەسـتوور، هـاوکات شـەرعییەت دەدات بەوانـەی کـە حوکمڕانیـی ئـەم وڵاتـە دەگرنـە دەسـت، وەك ئـەوەی لـە چوارچێوەی سیسـتەمی ٩ی نیسـانی ٢٠٠٣ هاتـە ئـاراوە، کـە دوای داگیرکـردن دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت، دواجـار جۆرێـك لـە نموونـەی حوکمڕانییـان پیشـان دا، کـە بـە تـەواوی بیرۆکـە و پرەنسـیپەکانی دیموکراسـییان شـێواند، بەتایبەتیـش لـە سـایەی دەسـتوورێك کـە لەسـەر پرەنسـیپی (پێکهاتـەکان) دامـەزرا، کـە بـە واتـای پشکپشـکێنەی تایفەگـەری و ئیتنییـە لەسـەر حیسـابی هاووڵاتیبوونـی یەکسـان و هاوسـەنگ، دەستەواژەی (پێکهاتـەکان) دووجار ئاماژەی پـێ کـراوە، هەروەهـا لـە ماددەکانـی٩ و١٢ و٤٩ و١٢٥ و١٤٢ بـە تـەواوی باسـی لـێ کـراوە.

ڕەنگـە ئـەو دیدگایـە بـۆ هەڵبـژاردن جۆرێـك بێت لـە پاشەکشـەی پرۆسـەی گۆڕانـکاری، کـە زۆربـەی هێـز و حزبـەکان گرەویـان لەسـەر کـردووە، لـە ڕێـی هەڵبژاردنەکانـەوە، بـەو شـێوە و میکانیـزم و تەکنیکارییـەی کـە پێـوەی بەڕێـوە دەچێـت، هـاوکات بیروبۆچوونێکـی دیکـەش بەتایبەتـی لای گـەنجـان سـەری هەڵـداوە، ئەوانـەی لـە خۆپیشـاندان و ناڕەزاییەکانـدا قوربانییـان دا، بەوەی کـە بەشـداریکردن لـەم هەڵبژاردنـە تـا ڕادەیـەك خواسـت و ئامانجیـان دێنێتـە دی، هەندێـك لـەو دروشـم و داواکارییانەیـان بەرجەسـتە دەبـن، لـە بەرانبەریشدا نەبوونـی متمانـە وا لـە هاووڵاتیانـی عێراق دەکات، کـە سـەریان لـێ بشـێوێت و دوودڵ بـن، لـەوەی کام لیسـت و کەسـایەتی دەتوانـن داواکاری و خـەم و ئاواتەکانیـان لەخۆبگـرن.









# گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.. نیگەرانیی ڕەوا



سەڵاح بەدرەدین
■ تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەوەتەی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان و لە بەرانبەر ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە سەربازییانەی، کە وڵاتان و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیانەوە دی و تا ئێستاش هەر بەردەوامن، تا دەگاتە سەردەمی شەڕی سارد و کۆتایی ئەم شەڕە، دواتر سەرهەڵدانی ڕژێمە فاشیزم و دیکتاتۆر و شۆڤێنییەکان، هەروەها هەڵکشانی تیرۆری ئیسلامی سیاسی لە زۆر شوێندا، هاوکات شەپۆلگەلی کۆچ و بەزۆر ڕاگواستن و هاتنەئارای پرۆسەی گۆڕانکاریی زۆرەملێ لە پێکهاتەی دیموگرافی لە زۆر وڵاتدا، هەروەها تاوانی جینۆساید بە هۆکارگەلی ڕەگەزپەرستی و سیاسی، وەك ئەوەی لە سایەی هەردوو ڕژێمی بەعس لە عێراق و بە دیاریکراویش لە سووریا ڕوویان دا، بۆیە دەڵێین گەلان و وڵاتانی ناوچەکە، ئەگەر بتوانن ڕووبەڕووی ئەو هەموو پێشهاتانە ببنەوە و، سەرباری ئێش و ئازار و کارەسات و مەینەتیی مرۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، ئەوا هەموویان بێ جیاوازی، ڕژێم و وڵات و گەل و بزووتنەوە سیاسییەکان، سەرجەمیان لە قۆناغی ئێستادا پشکی ئەو نیگەرانییەی ئێستا و ئایندەیان بەردەکەوێت.

**هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان**

بێگومان هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو نیگەرانییە بۆ ئێستا و، ئەوەی لە ئایندەشدا ڕوو دەدات، بە پلەی یەکەم بۆ حوکمڕانیی ڕژێم و حکومەتە نادیموکراسییەکان دەگەڕێتەوە، کە لە زۆربەی دەوڵەتان جڵەوی حوکمیان بەدەستە، ئەوانە دەستەوەستانن لە چارەسەرکردنی ئەرکەکانی ڕزگاریی نیشتمانی و دامەزراندنی سیستەمێکی ساغڵەمی سیاسیی دیموکراسی، هەروەها سەرخستنی هەردوو پرۆسەی دیموکراسی و ئابووری، لەپاڵ لاوازیی بزووتنەوەکانی دیموکراسیی ئۆپۆزسیۆن، کە لە ڕێکخستنی ڕیزەکانیان و سەپاندنی ئیرادەی میللی شکستیان هێناوە، ئەمەش بواری ڕەخساندووە بۆ سەرهەڵدان و باڵادەستبوونی بیروباوەڕی غەیبی و کولتووری نەزانی و دواکەوتن و گرووپگەلی ئیسلامی سیاسی و باڵە تیرۆریستییەکانیان.








**باڵیۆزی ئەمریکا لە وەڵامی سەرۆکی حکومەتی هەرێمدا گوتی: ئێمە لە کوردستانی عێراق گەورەترین کونسوڵخانە لە جیهان دروست دەکەین**

کۆی ئەو هۆکارە ناوخۆییانە، لە بێدەسەڵاتی، یان بەئەنقەست چارەسەرنەکردنی کێشە نەتەوەییەکانن لەلایەن ڕژێمە حوکمڕانەکانەوە، بەتایبەتیش کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زۆرترین ئەو وڵاتانەی جیهانن کە فرە گەل و نەتەوەن، هەروەها ئەو نەتەوانەی کە لە ددانپێدانان بە هەبوون و مافە بنەڕەتییەکانیان و مافی ڕەوایان لە دیاریکردنی چارەنووس بێبەش کراون، ئەمەش وا دەکات کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەن، هەست بە بێبەشی و ڕازی نەبوون بکەن.

لە سایەی ئەو بارودۆخەی ئێستای ناوچەکە، هاوکات لەبەر دەستوەردانی سەربازیی دەرەکی و، باڵادەستیی فراوانی هێزە دەرەکییەکان و پاشکۆبوونی ئابووریی وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها لەبەر پاڵپشتی بۆ دابینکردنی ئاسایش و سەلامەتیی ڕژێمەکان لە بەدکاریی تیرۆر، وەك چۆن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەرەنگاری داعش بووەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

**کورد لە نەخشەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

هەرێمی کوردستانی عێراق ئەو قەوارە فیدراڵییەیە کە لە دەستووری عێراقدا ددانی پێدا نراوە، خاوەنی دامەزراوەی یاسادانان و جێبەجێکردنی هەڵبژێردراوە، بە شێوەی دیموکراسی، هەرێم خاوەن سیستەمێکی پێشکەوتووی فیدراڵی و هاوپەیمانیی ناوخۆییە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و ڕەوتە هەمەجۆر و جیاوازەکاندا، کە لە ڕووی میللییەوە پاڵپشتی دەکرێت.







پاڵنەرەکانی نیگەرانی، بە شێوەی سەرەکی لە چەند ئەگەرێکەوە سەرچاوە دەگرن، یەکەمیان لە حاڵەتی کشانەوەی یەك لە دوای یەکی ئەمریکا لە عێراق و سووریا، ئەو کاتە بارگرانیی بەرەوڕووبوونەوەی ڕێکخراوی داعش، بەتایبەتی لەسەر هەرێم گران دەوەستێت و، گەلی هەرێمیش بە دوژمن لە قەڵەم دەدات، دووەم- پاشەکشەی باڵادەستیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو هێز و گرووپە میلیشیایی و تایفەگەرییە ڕەگەزپەرستە چەکدارانە کەڵبەیان تیژتر بکەن، هەروەها مەترسییان بۆسەر هەرێمی کوردستان و چارەنووسی پرۆسەی سیاسی و سەرتاپای عێراق زیاتر بکەن، سێیەم- ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر گەلی کوردستان، تەنانەت تورکیاش، چوارەم- ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی چەکدارانی پەکەکە بە فیتی ئێران، سووریا، میلیشیا عێراقییەکان، بەدکاریی تازە دژی گەلی کوردستان و دەستکەوتە فیدراڵییەکان ئەنجام بدەن.

سەرکردایەتیی کوردستان لەگەڵ گەلەکەی ڕاشکاو و ڕوونە لە هەڵوێستەکانیدا، بۆیە بە تەواوی دەرك بەوە دەکات کە دوای کشانەوەی کتوپڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان، نیگەرانییەك لە ئارادایە سەبارەت بە پەرەسەندنە دەرەکییەکان، ئەمەش بە ڕوونی لە وتەکەی سەرۆکی حکومەتدا دەرکەوت، لەو کاتەی دەست بە بنیاتنانی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر کرا، کاتێك گوتی: ئێمە خۆشحاڵین بە پەیوەندیمان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شەراکەتی پراکتیکی لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و هەموو جۆرەکانی تیرۆر، ئێمە سوپاسی هاوپەیمانان دەکەین بۆ ئەو هەموو کۆمەکەی پێشکەشیان کردووین، بەڵام من داوام لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق کرد، کە هەڵوێستی پابەندبوونی سیاسییان ڕابگەیەنن لە هەمبەر هەرێم، تاکو لەگەڵ لایەنی پراکتیکی هاوسەنگ بێت، بەڵام باڵیۆزەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: وەڵامەکە ئەوەیە کە ئێمە لە کوردستانی عێراق گەورەترین کونسوڵخانە لە جیهان دروست دەکەین!

# پارتی.. هەڵمەتێکی ئارام
# مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی گەش



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان بەشێکە لە پرۆسەی «التسويق السياسي»، واتە ئەو «بازاڕگەریی سیاسی»یەی کە دەبێت لە ماوەی نێوان هەڵبژاردنێك بۆ هەڵبژاردنێکی دی حزبەکان کاری بۆ بکەن. ڕاستە ماوەی چوار ساڵ هەر هەڵمەتی هەڵبژاردن نییە وەك ئێستا بەڵام، هەموو کردار و گوفتار و چالاکی و کارەکانی هەر پارتێك لەو چوار ساڵە لە سەری ئەژمارە و دەنگدەر چاودێریی دەکات، بۆیە سەرکەوتووترین هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەوەیە لە دوای ڕاگەیاندنی دەنگەکانی هەڵبژاردن دەست بکەیت بە خۆئامادەکردن بۆ هەڵمەتی داهاتوو، سەرمایە و دەستکەوت و خەزێنەی بۆ کۆ بکەیتەوە. جگە لەوەی لە دوای هەڵبژاردن و بردنەوەی هەر پارتێك، ئیتر کاتی ئەوەیە دەنگدەر پاداشتی دەنگەکانی وەربگرێت، چونکە ئەو دەنگ و متمانەی بە تۆ داوە، لە بەرامبەر بەرنامەی کارت، بۆیە پاداشتەکەی بریتییە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، دیارە چاودێریکردنی دەنگدەر و تاقیکردنەوەی کاندید و پارتەکانیش دوای پرۆسەی هەڵبژاردن دەست پێ دەکات و، هەموو پارتەکان دەچنە تاقیگەی تاقیکردنەوەی دەنگدەرەوە تا هەڵبژاردنی داهاتوو. ئەم پاداشتدانەوەی دەنگدەر و ڕێزگرتن لەو دەنگەی پێی داویت، بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەشێك دەبێت لەو «التسويق السياسية»یە کە لە ماوەی چوار ساڵدا پارتەکان دەیکەن. ئەوەی دەبینین کە دەنگدەر تۆراوە و ئاشت نابێتەوە و دەنگ نادات، یان متمانەی نەماوە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەندێك لە پارتەکان پاداشتی دەنگەکەیان نەداوەتەوە بە وەرگر، کە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان و داواکارییەکانیەتی. بۆیە دەکرێت بەشێك لە هەڵمەتی هەڵبژاردن خستنەڕووی ئەو بەڵێنە جێبەجێکراوانەش بێت کە پێشتر دراون بە دەنگدەر لە بەرامبەر دەنگەکەی.

هەڵمەتی هەڵبژاردن وەك بەشێك لە بازاڕگەری، ڕاستە کێبڕکێ و ململانێیە، بەڵام لە ناو بازاڕگەرییش ئیتیك هەیە. وڵاتانی پێشکەوتوو بە یاسا و ئیتیك ڕێکیان خستووە. ئەوەی تێبینی دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لەم هەڵمەتەی هەنووکە تیایداین، دوو جۆر بازاڕ دروست بووە کە پارتەکان نمایشی خۆیان و کاندیدەکانیانی تیادا دەکەن، بازاڕێك کە خەریکی هێرش و شکاندن و جنێوە، بازاڕێکیش خەریکی نمایشی کار و چالاکی و مێژووی دەستکەوتی خۆیەتی و بە بەرپرسیاریەتی و بە هێمنی لەسەر بنەمایەکی ئیتیکی دەیخاتەڕوو، کە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشڕەویی ئەو جۆری دووەمە دەکات. لە ستراتیژی هێرشکردن و داکۆکیکردن هاتووەتە







دەرەوە، چونکە خۆی بە خاوەن و بەرپرس دەزانێت بەرامبەر خەڵك و نیشتمان و نایەوێت کەس بریندار بکات و سەنگەکەی لەو ئاستەدا نییە کە هێرش بکات، یان خۆی بە تاوانبار بزانێت، تاکو داکۆکی لە خۆی بکات. بەرهەم و دەستکەوتەکان و مێژوو و ڕەفتار و کرداری سەرکردەکانی هێندە جوان و بەهێزن لە بازاڕەکاندا پێویستی بە قاڵ و هەرا و بانگ و هاوار نییە، خەڵك خۆی لێی کۆدەبێتەوە، چونکە لە بازاڕی هەڵبژاردن هەر کەس لە ماڵی خۆی هاتووەتە دەرەوە و خۆی نمایش دەکات، کە خاوەنی بەرهەمێکی جوان بوو، پێویستی بە خەڵك شکاندن و پەڕەی کۆنی کەس هەڵدانەوە نییە، بە سەنگی خۆی مامەڵە دەکات، خۆی لە بازاڕی جنێودان و هێرش و شکاندنی بەرامبەر کشاندووەتەوە و ئەڵێت: من ئەوەم. ناڵێت: تۆ ئەوە نیت، یان خراپیی تۆ ئەوەیە، ئەمەیە دەوروبەرەکەیشی سەرسام دەکات، بەڵام نەیاران تەقەبولی ناکەن، چونکە جیاواز دەرکەوتووە، ئەمەش بنەمای بەهێزیی مارکێتینگێکی زانستییە،ئینگلیز دەڵێت: «Difference make a Difference»، واتە جیاوازی، جیاوازی دروست دەکات، لە بازاڕگەرییش کەی سەرکەوتوویت؟ کاتێك تۆ جیاواز بیت لە ئەوەی دی. پارتی بە دەرخستنی کارەکانی خۆی جیاوازیی خولقاندووە، بە هەڵمەتی نەرم و نۆرمێکی دی کە پێشتر نەبووە، بەوەش سەرنجی یار و نەیاری ڕاکێشاوە. ئەمە جگە لەوەی بە سەنگ و بەرپرسیاریەتەکەی دەیەوێت کولتووری شکاندن و جنێودان و سووکایەتی و ناوزڕاندن و ململانێ و ناکۆکی بسڕێتەوە، نایەوێت لەوە زیاتر سەردڵی هاووڵاتیانی نیشتمانەکەی بەو گرژییانە قورس بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەخاتەڕوو بۆ دەنگدەر و دەڵێت: من ئەمەم، ئەوو مێژوومە، ئەوە حزبمە، ئەوە سەرکردەمە، ئەوە کارکان و دەستکەوتەکانمە و ئەوەم پێ کراوە تا ئێستا بۆتان، ئەوەشم پێ دەکرێت بۆ ئایندەتان، تاکو دەنگدەر بە بەرچاوڕوونی دەنگ بدات، نەك خۆ بە محەمەدی مەهدی نیشان بدات و مژدەی بەهەشت بە خەڵك بدات و چەواشەکاری بکات، بۆیە ئەم هێزە کە توانی ئاوا بە بەرپرسیاریەتییەوە مامەڵە بکات، بەم سەنگەوە دەتوانێت لە بەغدا بێت و، هاونیشتمانییەکانیش ئایندەی خۆیانی پێ بسپێرن.

# کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان دەنگ بە کاندیدانی پارتی دەدەن



بڕیارە ڕۆژی ١٠ـی ١٠ لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەبچێت. پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هەمیشە بۆ ئەم هەڵبژاردنەش خۆی تەیار کردووە، بۆ ئەوەی بە پشتیوانیی جەماوەر و دەنگدەرانی بتوانێت لە خزمەتکردن و باشترکردنی ژیانی خەڵك و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوە ژیان بەردەوام بێت، هەر بۆیە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان دەنگ بە لیستی پارتی دەدەن. لەم ڕاپۆرتەشدا خانەوادەی سەرفرازی شەهیدان بەم جۆرە پەیامی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی











مەعتەبەر لەتیف دایکی شەهید:

## بە شانازییەوە دەنگ بە پارتی و سەرۆک بارزانی دەدەم

من وەکو دایکی شەهیدێکی ئەم کوردستانە دەنگەکەم بۆ پارتی و بارزانییە، زیاتر لە ٢٠ساڵ ئازار و مەینەتیمان لە ئاوارەییدا چێشت، ئەمە تەنیا و تەنیا هێزی ئەو بیر و باوەڕە بەهێزە بوو کە لە ناخماندا جێی گرتبوو هەتاکو ئەمڕۆش بەردەوامە.

پارتی و بارزانی دەیان شۆڕش و ڕاپەرینیان بەرپا کردووە بە درێژایی قۆناغەکانی سەدەی ڕابردوو و قوربانییەکی زۆریشیان داوە بۆ سەربەستی و سەرفەرازی نەتەوەی کورد و ناسنامەکەی، شەرەفێکی گەورەیە بۆ من و بنەماڵەکەم کە هەمیشە لە گەڵ پارتی و بارزانیدا تێ بکۆشین و قوربانی بدەین، من بە شانازییەوە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی دەدەم.



ڕۆڤیا خالید کچی شەهید:

## دەنگم بۆ پارتییە، چونکە ژمارەیەک کەسی خاوەن ئەزموونی بەربژێر کردووە

باوکم لە زیندانی ئەبو غرێب لەسێدارە دراوە لە ساڵی ١٩٨٥، پارتی هەزاران شەهیدی وای پێشکەش بە کوردستان کردووە، ئێستاش ژمارەیەك کەسی خاوەن ئەزموونی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەربژێر کردووە، وەك خانەوادەی شەهید هەموومان دەنگمان بۆ پارتییە، لەبەر ئەوەی جگە لە پارتی هیچ حزبێکی تر خۆی نەکردووەتە خاوەنی کوردستان و پارتی لە سەرجەم ئەو شەڕە سەپێندراوانەی بە سەر میللەتەکەمان هاتووە، لە ڕیزی پێشەوەی جەنگدا بووە و نەیهێشتووە کوردستان داگیر بکرێت، لێرەوە پەیام ئاراستەی سەرجەم دەنگدەران دەکەم، دەنگی خۆیان بدەن بەو حزبەی کە لە شەڕی پردێ و سحێلا چ داستانێکی تۆمارکرد، پارتی بەهێزە و بەهێزتریش دەبێ، چونکە خاوەنی سەرۆکێکە کە لە هەموو جیهان وەك مەرجەع سەیر دەکرێت.



دانا ئاغا وەیس کوڕی شەهید:

## دەنگم بۆ ئەو پارتییەیە کە توانی ئەم ئەزموونە پڕ شکۆیەی کوردستان بپارێزێت

پارتی لە ڕۆژی دروستبوونیەوە تا ئەم کاتە هەمیشە بە بەهێزی و بێ ڕکابەر ماوەتەوە. هەموو ئاستەنگەکان کە هاتووەتە ڕێی تەنیا لە بەر ئەوە بووە کە پارتێکە هەرگیز مساوەمەی لەسەر هیچ قەزییەیەکی میللەتەکەی نەکردووە. هەر بۆیە دەنگم بۆ پارتییە و بۆ ئەو پارتییەیە کە توانی ئەم ئەزموونە پڕ شکۆیەی کوردستان بپارێزێت. هەر کاندیدێك پارتی دایبنێت، متمانەپێکراوە و ئامانەت پارێزە لە هەر شوێنێکی ئەم وڵاتە



**عومەر ئاغا سورچی برای شەهید:**

## خۆم و خانەوادەکەم هەمیشە لەسەر ڕێبازی پیرۆزی پارتی و بارزانی دەبی

وەك برای شەهیدی شەڕی تیرۆریستانی داعش و شەڕی بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێرم . بێجگە لە سەروەرییەکانی پارتی، خۆم شاهیدحاڵێکی واقیعی بووم لە هەموو ئەو بەرانەی پارتی تێیدا دەجەنگا، چ لە پەیامی سەرکردەکانی و لە دڵسۆزی بەرپرس و پێشمەرگەکان بێ گوێدانە هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەك بە کات و سات خۆمان دانابوو بۆ خۆبەختکردن، ئەمە لە کاتێکدا کە چەندین جار جەنابی سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ سەردانی بەرەکانی جەنگی دەکرد و، هەمیشە وەك پێشمەرگەیەك لە ڕیزی ئێمەدا بوو. هەمیشە ئەو بەڵێنەم بە خۆم داوە کە تا مردن لە خزمەت ئەم ڕێبازەدا بم و خۆم و خانەوادەکەم هەمیشە لەسەر ڕێبازی پیرۆزی پارتی و بارزانی بین.

هەر کارێك بکات. ئەگەر سەرنج بدەن، دەبینن چەندین حزب و لایەن هەن، کە زۆریان هەڵگری فیکرەی هاوردەن و ناتوانن خزمەتی گەل بکەن، بەڵام پارتی پڕەنسیپە و خزمەتکردنیش بە شانازی دەزانێت.




**لە پێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**

# هونەرمەندان داوای بەشدارییەکی بەرفراوانی هەڵبژاردنەکان دەکەن



پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەسـتی بـە هەڵمەتەکانـی هەڵبـژاردن کـردووە و کادر و ئەندامانـی پارتـی لەسـەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی، کە داوای کردووە بانگەشەکان بە ئارامی بەڕێوەبچن، دەسـتیان بە بانگەشـەی هەڵبژاردن کردووە، بەڕێوەچوونی بانگەشەیەکی هێمـن و دیموکراسـییانە، وا دەکات هاووڵاتیـان زیاتـر لـە کارنامـە و بەرنامـەی کاندیدەکانـی پارتـی تێبگـەن و، لـە ڕۆژی دەنگدانـدا بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

هونەرمەنـدان وەك چینێکـی کاریگـەری کۆمەڵگـە، بـەم شـێوەیە بـاس لـە گرنگیـی بەشـداریکرن لـە هەڵبـژاردن و، دەنگـدان بـە کاندیدانی پارتی دەکەن.













# پارتی هێزی ڕەسەن و ڕاستەقینەی مەیدانی سیاسی و حوکمڕانییە کە دەتوانێت دەستکەوتەکان بپارێزێت



**لوقمان غەریب- دەرهێنەر**

بۆ گوڵان دەنووسێت

ئەگەرچی ئەزموونی ساڵانی ڕابردووی حوکمڕانیی نوێی عێراق پڕە لە شکست و فەوزا و پێشێلکاریی دەستووری و یاساشکێنی و سووکایەتی بە سیستمی فیدڕاڵییەت و زاڵبوونی عەقڵییەتی کۆنەخوازی لە جۆری مەزهەبگەرایی و شۆڤێنیستی و نەزانی و فەساد لە ئیدارەدانی دەوڵەت و وێرانبوونی تەواوەتی سەرخان و ژێرخانی وڵاتەکە لە سایەی ئەو فەوزا و پاشاگەردانی و حزب حزبێنە و وەلائی دەرەکییەیە کە عێراقی ئێستای وەك وڵاتێکی هەژار و دواکەتوو پێناسە کردووە.







بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕام وایە دەبێ خەڵکی کوردستان زۆر بە فراوانی بەشداریی پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەن، تا زۆرترین نوێنەری کوردستان لە پەرلەمانەکەدا هەبن، بەڵام دەبێ دەنگەکان بۆ کام کاندید و کام لایەن بێت؟ بۆ ئەوانە بێت کە لە ڕابردوو دەستیان لەگەڵ لایەنە عێراقییە مەزهەبی و شۆڤینییەکان تێکەڵ کردبوو، تا دژایەتیی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و گەلی خۆیان بکەن، یان بۆ ئەوانەی لە پێناو پلە و پۆست و پارەدا لە جێی داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان، دژایەتیی ڕیفراندۆم و ئاڵا و سەربەخۆیی کوردستانیان ئەکرد و پێشنیاری بڕینی بوودجە و مووچەی هاووڵاتیانی خۆیان دەکرد؟؟ ئەگەرچی لە ڕابردوودا ئەم هێزانە بێزراو و مایەپووچ بوون، بەڵام سەرچاوەی مەترسی و کێشە و گرفتیش بوون بۆ حکومەت و خەڵکی کوردستان، میللەتی هوشیار دۆست و دوژمنی خۆی دەناسێت. بۆیە هەمیشە و لە ڕابردوودا و لە تەواوی هەڵبژاردنەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان براوەی یەکەم و بەهێز و خاوەن پێگەی جەماوەریی گەشەسەندوو بووە، سەرچاوەی ئەم سەرکەوتنەش، هەموو ئەو هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییانە و ڕیفراندۆم و بەرپێگرتنی هێرشی دڕندانەی داعش و حەشد و دەستگرتن بە بەها و پیرۆزییەکانی خەڵکی کوردستانەوە لە لایەن سەرۆك بارزانی و پارتی و ئەندام و لایەنگرانییەوە بووە و، دەنگدەری وریای گەیاندووەتە ئەو ئاگاییەی کە تەنیا پارتی هێزی ڕەسەن و ڕاستەقینەی مەیدانی سیاسی و حوکمڕانییە و هەر پارتی دەتوانێ چ لە عێراق، یان کوردستان دەستبگرێ بە دەستکەوتەکان و داکۆکییش لە بەدەستهێنانی مافەکان بکات.

بۆیە دەبێ هاووڵاتیان ئەمجارە مکوڕتر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان لە بیریان بێت کە کێ ڕاستگۆ و ڕاشکاو و سەرسەختانە داکۆکی لە مافەکانیان کردووە و ئەزموون و خەڵکی کوردستانی پاراستووە و گەشەی پێ داوە و ئاوەدان و خۆشگوزەرانی کردووە.




سینەماکاری کوردستان د. مەهدی ئومێد:

# سەردەمی یەکدەنگی و یەکڕییە
# هەموو خۆ بۆ زەماوەندی سەرکەوتنی ئاڵای کوردستان ئامادە بکەن

دەرهێنەر و سینەماکاری ناسراوی کوردستان د. مەهدی ئومێد ڕوونی دەکاتەوە «زۆر گرنگە ئێمەی کوردستانی ئەوە تێبگەین کە ئەم سەردەمە سەردەمی یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی و یەك ڕیزییە. هەڵبژاردن باشترین هەلە بۆ سەلماندن و دووپات کردنەوەی یەکڕیزیی میللەتانی وەك ئێمەی کورد و کاتی دەنگدانە.» سینەماکاری ناسراو دەشڵێ «من هیچ کات بڕوام بە عیراقی دیموکرات نەبووە و ناشبێت، بۆیە پێویستە نەهێڵین نەیاران بە سەرماندا زاڵ بن. کەواتە پەرتەوازەیی دوێنێ با لە بیر بکەین، ڕۆژێکی نوێ بۆ منداڵانی شاری کەرکووك و تەواوی کوردستان دەست نیشان بکەین».

وەك د. مەهدی ئومێدی سینەماکار باسی دەکات «لە جیهاندا شارێك نییە تەنیا یەك نەتەوەی تێدا بژی، بەڵام هەموو شارێك ناسنامەی خۆی هەیە. ناسنامەی کەرکووك کوردستانییە، لە پاڵ ئەوەشدا تورکمان و عەرەب و کریستیانیشی داڵدە داوە کە هەمووان پێکەوە بە ئاشتی و تەبایی لە کوردستانێکی ئازاددا دەژین. ئەوان نابێ ببن بە کەڵەگا و داگیرکەر.» مامۆستای سینەماکاری کوردستان پێی وایە «دەنگدان دۆڕاندن و بردنەوەیە، ئێمەی کورد پێویستە ببەینەوە چونکە ساڵانێکی زۆرە بۆمان دەرکەوتووە بەشێکی نەتەوەکانی تر لە کەرکووك ڕەگەزپەرستانە و وەك داگیرکەر ڕەفتار دەکەن و شەڕخوازن و دەسەڵات لە لای ئەوان بێت، زۆر خراپ و ترسناکی بەکاری دەهێنن».

مەهدی ئومێد سەرەتا بە شانۆ دەستی پێ کردووە، پاشان ڕووی کردووەتە جیهانی سینەما، بۆیە دەڵێ «من لە شانۆگەرییەکدا کە کاتی خۆی بۆ کەرکووکم نووسیوە، تێیدا گوتوومە: ئاو و هەوات فێری کردم بە سەربەستی بژیم، دوژمنانت چرایان بردم تا بە تاریکی بژیم. لە پێناو ئایندەی کەرکووك، پێویستە پێشەنگ و پێشڕەوانی کورد هەموو یەك بگرن تا بە ئاسانی دروشمی کردەوەی نوێ هەڵگرن، چونکە گەل وا خۆی دەڵێ، ئەگەر یەك نەبن سەر ناگرن، پاشەڕۆژێك بۆ کورد دابین نابێت. سستی و ناکۆکی بە لاوە بنێن، دەرفەت لەدەست مەدەن، گرنگ نییە کام حیزبی کوردستان زۆرترین دەنگ دەهێنێت، گرنگ ئەوەیە هەر هەموو خۆ بۆ زەماوەندی سەرکەوتنی ئاڵای کوردستان ئامادە بکەن و هەڵەی کۆن دووبارە نەکەنەوە».



هونەرمەند جەمالی دەلاك:

# پێویستە لەو ڕۆژەدا هەبین و دەنگمان هەبێت

هونەرمەندی جەمالی دەلاك بەو چەشنە باسی هەڵبژاردن و دەنگدان دەكات «هەڵبژاردن و سندووقی دەنگدان یەكێكە لە خەسڵەت و بەهاكانی دنیای دیموكراسی، بەڵام من وەك كوردێك كە بە زۆر وڵاتەكەم بە عیراقی عەرەبەوە لێكێندراوە، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە هەڵبژاردن بۆ كورد وەك پێویست نەبووە، چونكە ئەوانەی لەم ڕێگەیەوە چوونەتە ئەنجومەنی وەزیران و لووتكەی دەسەڵات لە عیراقدا، ئەرك و ئەشكی هاووڵاتیانی كورد و كوردستانیان قورستر كردووە.» هونەرمەند دەلاك دەشڵێ «ئەوەندە لەمێژ نییە، هەموویمان لە بیرە، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی قووتی خەڵكیان بری كە سادەترین مافی مرۆڤە. سەبارەت بەم هەڵبژاردنەش، بە هەمان شێوەی هەڵبژاردنەكانی پێشوو، تروسكاییی لە بەغداوە نابینم بۆ داهاتووی هەرێم و خەڵكی كوردستان، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگر بین لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، من بە پێویستی دەزانم هەموو تاكێكی كورد بچێتە سەر سندووقی هەڵبژاردن و ویژدانی خۆی ئاسوودە بكات، بەتایبەتی لە شاری كەركووك، چونكە مێژوو گەواهی دەدات بە چەك و قوربانیدان و خوێن ڕشتنی لاوانمان لەم سەردەمەدا ناگەینە ئەنجام، تەنیا لە ڕێی هەڵبژاردنەوە پارێزگاری لە مافی زەوت كراومان بە شێوەیەكی مۆدێرن و شارستانی دەكەین» .

هونەرمەند جەمالی دەلاك جەختی كردەوە «دووپاتی دەكەمەوە، پێویستە لەو ڕۆژەدا هەبین و دەنگمان هەبێت، بەڵام بە ویژدانەوە دەنگمان بخەینە ناو سندووقەوە».









د. هاوکار ڕسکن:

## دەنگ بە کاندیدانی کوردستان بدەن

هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی کوردستان د. هاوکار ڕسکن، خاوەنی چەندین پرۆژەی گەورەی شێوەکاری لە پایەتەختی باشووری کوردستاندا گوتی «تەنیا ئومێدمە خەڵك بچن دەنگ بە کاندیدی خۆیان بدەن، بە مەرجێك لایەنی کوردستانی بێت.» د. ڕسکن ئاشکراشی کرد کە «هەرچەندە ئێمە هەست بە بێزاریی خەڵکی خۆمان لە بەرانبەر لاوازی و بێ بەڵێنیی لایەنانی کوردستان دەکەین، وەلێ گرنگە ئێمەش ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە وەك میللەتانی دنیا بە ئەزموون بکەین، هەوڵ بدەین لە داهاتووی نزیکدا ڕەنگدانەوەی هیوا و ئاواتی کوردستانیان لە ڕێی هەڵبژاردنەوە بەدەست بخەین».



حوسێن عەبدولکەریم شێخانی:

## با ڕێ نەدەین دەنگمان پەرت بێت

هونەرمەندی شێوەکار حوسێن عەبدولکەریم شێخانی بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە ئەم هەڵبژاردنە، بۆیە دەڵێ «کارێکی چاك کە کراوە، ژمارەی کاندید کەمە، ئەمەش لە دوو ڕووەوە باشە، لە لایەك دەنگی دەنگدەران پەرت نابێت، لە لایەکی دیکەوە کاندیدان بۆیان دەلوێ زۆرترین دەنگ بۆ خۆیان کۆ بکەنەوە.» ئەو پێشی وایە «پێویستە لایەنانی سیاسی و کاندیدان بەرنامەی پتەو و دارای گۆڕانکاری بخەنە ڕوو، هاووڵاتیان هەردەم چاویان لە دۆخی باشترە، چاوەڕوانی گۆڕانی ئەرێنی دەکەن.» ئەم هونەرمەندە دووپاتی دەکاتەوە «هەموو کات بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و پیادە کردنی مافی دەنگدان، کار و ئەرکێکی پێویستە و کاری دروست نییە هاووڵاتی دەستبەرداری ئەم ماف و ئەرکەی خۆی ببێت».



شێروان کەرکووکی:

## بە گەرمییەوە بۆ دەنگدان دەچم

هونەرمەندی فرە بەهرەی شاری کەرکووك شێروان کەرکووکی دەڵێ «من بۆ خۆم بە گەرمییەوە بۆ دەنگدان دەچم، پێم وایە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و دەنگدان لە ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی هەرێم زۆر گرنگە.» بە بڕوای هونەرمەند کەرکووکی «دەنگدان بە نوێنەر و کاندیدانی کورد لەو ناوچانە سەنگی کورد و ناسنامەی کوردستانیانەی ئەو ناوچانە ڕوونتر ڕەنگڕێژ دەکەن».



**سیروان بێلانە:**

## دەنگی خۆمان بە کەسی شایستە دەدەین

شانۆکاری ناسراوی شاری کەرکووک سیروان بێلانە پێی وایە «هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، وێڕای هەموو ئەو سەرنجانەی لە بارەی بەڕێوە چوونی پرۆسەکە لەم وڵاتەدا هەن، من پێم وایە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن مافی ئاسایی هەر تاکە کەسێکە، دەبێت بڕۆین و بەشدار بین، دەنگی خۆمان بە کەسی شایستە بدەین، باوەکوو ڕەخنەشمان لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی و سیاسەتوانی گەندەڵ هەبێت.» بێلانەی شانۆکار جەختی کردەوە «دەنگدان و بەشداری کردن لە هەڵبژاردن لە شاری کەرکوک زۆر گرنگ و هەستیارە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت کورسیی کورد لەو شارەی کوردستاندا لە نەتەوەکانی دیکە زیاتر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین دەنگمان بڵند بکەین و بەرانبەر بە خەڵکانی شۆڤینی ڕاوەستین.»

شانۆکارە دیارەکەی شاری کەرکووک دوویاتی کردەوە «بەشداری نەکردنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەنگمان و ژمارەی کورسی و سەنگی کورد لە شارەکەدا دادەکشێت. هیچ کورد و کوردستانییەکی دڵسۆز ئەوە خواست و مەبەستی نییە، بۆیە هیوادارم بەرزترین ڕێژەی هاووڵاتیانی شاری کەرکوک بە متمانەیەکی زۆرەوە بچنە بنکەکانی دەنگدان و دەنگ بەو کەسانە بدەن کە باوەڕ و متمانەیان پێیانە».







# وەرزشكاران دەنگ بە كاندیدانی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەن


تەنیا چەند ڕۆژێك ماوە بۆ دەنگدانی گشتی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمانی عێراق، كە بڕیار وایە لە ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە هەڵبژاردن بەڕێوە بچێت، قەوارە جیاوازەكانیش كێبڕكێی بەدەستهێنانی زۆرترین كورسیی پەرلەمانی عێراق دەكەن، لایەنگر و دۆست و خۆشەویستانی پارتییش دەیانەوێ لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە ئەنجامی گەورە لەسەر ئاستی عێراق تۆمار بكەن، بۆ ئەوەی زۆرترین نوێنەری كوردیان لە بەغداد هەبێت، تا شەڕی بەدەستهێنانی مافەكانی گەلی كوردستان بكەن، وەرزشدۆستان كە توێژێكی گرنگی كۆمەڵگەن، دەیانەوێت بە دەنگەكانیان نوێنەرەكانیان سەربخەن، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان ژمارەیەك وەرزشكاری شارەكانی كوردستانی دواندووە.

ئا: كارزان كانەبی




بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٢٠
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
نەینەوا
بازنەی(٣)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
مەحما خەلیل قاسم حەسەن
شنگال - قەحتانیە


بۆ داهاتوویەکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...
٢٢
کاندیدی ژمارە
پارێزگای
نەینەوا
بازنەی(٤)
کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان
ئیبراهیم محەمەد قەبو میرانی
تەلەعفەر - زومار



ئەحمەد خەلیل سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەڵۆ:

## هیوادارم نوێنەرانی پارتی شەڕی بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانمان بکەن

وەك وەرزشكارێك بۆیە دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە ئەو حزبە لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە، لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا خزمەتی زۆری کوردستانی کردووە، داوکارم لە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کە گەیشتنە پەرلەمانی عێراق، زیاتر گرنگی بە بواری وەرزشی کوردستان بدەن، پێویستە ئەو کاندیدانەی کە دەردەچن و دەگەنە پەرلەمانی عێراق، جیاوازی لە نێوان وەرزشوانانی کوردستان و عێراقدا نەکەن و، هەوڵی سەرخستنی وەرزش و وەرزشکارانی کوردستانیش بدەن، داواکارم لەپاڵ شەڕی بەدەستهێنانی هەموو مافە نەتەوایەتییەکاندا، ئەو نوێنەرانە شەڕی شایستە وەرزشییەکانیشمان بکەن .



شوان ئەنوەر ڕاهێنەری تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر:

## پارتی زامنی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە

دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە پارتی زامنی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە، داواکارم وەرزشکاران ئاوڕێکی جدی لە ڕابردووی وەرزش بدەنەوە و، بزانن کێ زیاتر گرنگیی بە وەرزش داوە، لەم قەیرانە سەپێندراوەدا نەیهێشتووە وەرزش بکەوێت، ڕاستە کەموکووڕیی زۆر هەیە، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین بەو گوشارەی کە لە ناوخۆ و دەرەوە خرایە سەر هەرێمی کوردستان، دەبینین ئەوەی ئێمە و قەوارە و وەرزشەکەمانی هێشتەوە، تەنیا بڕیاری خۆبەدەستەوەنەدانی پارتی بوو، هەر بۆیە لەسەر وەرزشکاران پێویستە کە بە دەنگەکانیان، بە پێشمەرگە بڵێن نەبەردییەکانی ئێوەمان لەبیرە و بەدەنگیش بێت لەگەڵتانین.









**ئازاد هەمزە پاڵەوانی لەشجوانی لە کوردستان و عێراق:**

## داواکارم وەرزشکاران دەنگ بە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن

من وەك كەسێكی وەرزشكار بۆیە دەنگ بە پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەم، چونكە پارتی تاكە حزبە خەمخۆری خاك و وڵات و نیشتمانە، داواكارم لە وەرزشكاران دەنگ بە نوێنەرەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بدەن، كە ئەو لیستە دەتوانێت لە بەغدا ئاواتی وەرزشكاران بەدی بهێنێت، داوا لە كاندیدانی پارتی دەكەم دوای دەنگدانیش، بە هەمان گوڕ و تینەوە لە پەرلەمانی عێراق خزمەتی چین و توێژەكانی كوردستان بكەن، وەرزشیش لە بەرنامەی خۆیاندا جێگیر بكەن، بۆ ئەوەی وەرزشكاران زیاتر بتوانن پاڵپشتیان بن.



چریسک یونس سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی دهۆک:

## لە سایەی حکومڕانیی پارتیدا کوردستان ئاوەدانە

وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار دەنگی خۆم دەدەم بەکاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە حزبێکە ٧٥ساڵە خەبات دەکات و قوربانی دەدات بۆ کوردستان، لە سایەی حکومڕانیی پارتیدا کوردستان ئاوەدانە و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، خاوەن خەبات و ڕێبازی کوردایەتییە و هیچ کات لە بەرپرسیارێتی ڕای نەکردووە، پارتی خاوەنی شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و داستانی پردێ و مەحموودییەو سحێلایە، بۆیە دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە ئێمەی لە تیرۆریستان پاراست و ئەمنییەتی بۆ کوردستان دروست کردوە، داواکارم لە هەموو وەرزشکارانی کوردستان بە هەموو باوەڕی خۆیانەوە، دەنگ بە بەربژێرانی پارتی بدەن.



میران خەسرۆ یاریزانی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر:

## ئومێدێکی زۆرمان لەسەر نوێنەرەکانی پارتی هەڵچنیوە

دەنگدان بە پارتی واتە قەوارەی کوردستان پارێزراو دەبێت و، تاکی کورد هەست بە بوونی خۆی بکات، داواکارم لە ڕێگەی نوێنەرەکانی پارتییەوە، یاسەیەك لە پەرلەمانی عێراق بۆ وەرزشی کوردستانیش هەبێت، کە ئێمەش وەك وەرزشی کوردستان هاوتای یانەکانی عێراق، مافمان لە کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت، دەبێ پەرلەمانتاران خزمەتی زیاتری وەرزشکاران بکەن و شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانیان بکەن، بێگومان ئەم شەڕەش تەنیا بە کەسانی خاوەن ئیرادە و بە پشتیوانیی حزبی بەهێز دەکرێت، بۆیە ئومێدێکی زۆرمان لەسەر نوێنەرەکانی پارتی هەڵچنیوە، چونکە دڵنیاین کە لەئاست ئەو ململانێیەدان.



## کەوسەر کاکەخان یاریزانی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر:

# پێشتریش نوێنەرانی پارتی لە بەغدا شەڕی گێڕانەوەی قووتی خەڵکیان دەکرد

وەك كچە وەرزشوانێك بە مافی خۆمی دەزانم دەنگی خۆم بەو حزبە بدەم كە زۆرترین خزمەتی كردووە، هیوادارم كاندیدانی پارتی دەنگی ئێمە بن لە بەغدا، وەرزش واتە دروستبوونی گەنج و ڕێگە گرتن بەرەو ئاشتی، نەك ناكۆكی و ناتەبایی، پارتی دیموكراتی كوردستان لە ناكۆكییەكانیشدا تەنیا بەرگریكار بووە، نەك دەستپێشخەر، نوێنەرانی پارتی لە خولەكانی ڕابردووشدا سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەبوون كە هیچ كات پشت لە داواكارییەكانی خەڵكی كوردستان ناكەن، لە ڕابردووشدا بینیمان خەڵكێك لێرەوە پێشنیاری بڕینی مووچە و بودجەی كوردستانیان دایە بەغدا، بەڵام نوێنەرەكانی پارتی شەڕی گێڕانەوەی قووتی خەڵكیان دەكرد.






**بۆ ئەوەی سوپا و هێزە ئەمنییەكانی عێراق، بێلایەن و پیشەیی و دەوڵەتی بن، دەنگ بە كاندیدانی پارتی بدەن**

فەرهەنگ وریا یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێر:

## داوا لە وەرزشکاران دەکەم بۆ خزمەتکردنی وەرزش دەنگ بە لیستی پارتی بدەن

دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە پارتی تاکە حزبی کوردستانە کە جێگای متمانەیە و، پارێزەری سەقامگیری و ئارامی و خۆش گوزەرانییە.

داوا لە وەرزشکاران دەکەم، بۆ زیاتر خزمەتکردنی وەرزش، دەنگ بە لیستی پارتی بدەن، پێویستە کاندیدەکانی پارتی کار لەسەر بوژاندنەوەی ژێرخانی وەرزشی کوردستان و بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان لە بەغداد بکەن.

متمانەی تەواوم بە لیستی پارتی هەیە، کە لەم هەڵبژاردنەدا متمانەی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنن، چونکە ڕێبازی بارزانی هەردەم خۆیان بەخزمەتکاری میللەت زانیوە.



ئەستێری پێشووی یانەی دهۆک خالید موشێر:

## داواکارم وەرزشکارانی کوردستان کە کاندیدانی پارتی لە یاد نەکەن

دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چونکە قەوارەی هەرێمی کوردستانیان پاراستووە، هیوادارم ئەوانەی سەرکەوتوو دەبن، ڕێگە نەدەن وەرزشی کوردستان پشتگوێ بخرێت و، شەڕی بەدەستهێنانی مافی وەرزشکارانی کوردستان لە شاری بەغداد بکرێت، پارتی حزبی خەڵکە و بۆ خەڵکە و، هەردەم لە نێو دڵی جەماوەردایە.

داواکارم لە سەرجەم وەرزشکارانی کوردستان، کە کاندیدانی پارتی لە یاد نەکەن، چونکە بە دەنگی ئەوان ماف و دەستکەوتەکانی کوردستان پارێزراو دەبێت.

لەم هەڵبژاردنەدا گەشبینم، کە پارتی سەرکەوتنێکی مەزن لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەدەست دەهێنێت و، لە بەغدا دەبێتەوە بە قەڵغانێکی پۆلایین بۆ خەڵکی کوردستان.









**کانیاو عومەر یاریزانی تیپی تۆپی دەستی یانەی هەولێر:**

## هیوادارم کاندیدەکانی پارتی بەتایبەت ئافرەتەکان سەرکەوتوو بن

بەرقەراریی ئەمن و ئاسایش لە سایەی ئیدارەدانی پارتییە لە ناوچەکە، بۆیە منیش بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەم، هاوکات داواکارم وەرزشکارانی کوردستان دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕێگەی ئەوانەوە مافەکانی کوردستان بەدەست بهێنین و، زیاتر مافەکانی ژنان لەسەرجەم بوارەکاندا پارێزراو بێت.

هیوادارم کاندیدەکانی پارتی بەتایبەت ئافرەتەکان سەرکەوتوو بن، تا بتوانن شەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافی ئافرەتان بکەن، بەتایبەت ئافرەتی وەرزشوان، هاوکات داوا لە کاندیدەکانی پارتی دەکەم، کە لە هەڵبژاردەن سەرکەوتوو بوون، وەك هەمیشە ماف و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لە پێش ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە دابنێن.





# چۆنییەتی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ لە قەرەباڵغیی بنکەکانی دەنگداندا

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕێگەی هەواوە لە یەکێکی تووشبووەوە بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە، پرووشکەکانی کۆئەندامی هەناسە کە لە دەم، یان لووتەوە دەردەچن، لەکاتی کۆکە و پژمیندا بە توندی و بە خێرایی بە هەوای نزیك کەسی تووشبوودا بڵاودەبنەوە، هەتا لەکاتی هەناسەوەرگرتنی توند و هەناسەدانەوە و قسەکردن و هاوارکردنیشدا، ئەم پرۆشکانەی کۆئەندامی هەناسە لە ڕێگەی دەم و لووتەوە دەردەچن و، بە هەوای دەوری کەسی تووشبوودا بڵاودەبنەوە. پرۆشکە وردەکانی کۆئەندامی هەناسە لە ڕووی قەبارەوە زۆر بچووکن و، لە ڕووی کێشەوە هێندە سووکن کە توانای مانەوەیان بە هەڵپەسێرراوی لە هەوادا بۆ ماوەیەك هەیە، هاوکات لەگەڵ توانای جووڵانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە یەك مەتر لە کەسی تووشبووەوە، پاش کۆکە یان پژمین. لێرەدا و بە پشتبەستن بەم زانیارییە بڕواپێکراوانە، ڕۆڵی پابەندبوون بە تەوقەنەکردن و دووریی کۆمەڵایەتی، یان دووریی جەستەیی Physical distancing بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە کۆڤید١٩ بەرجەستە دەبێت، پێویستە کە دووریی فیزیکی بپارێزرێت لەکاتی نۆبەتگرتن لە بنکەکانی دەنگدان و لە ژوورەکانی دەنگداندا.



## لە ڕۆژی دەنگداندا پابەندبە بە دروست بەستنی ماسکەوە

یەکێك لە ڕێکارە گرنگەکان بۆ ڕێگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاراستنی ژیان، بەستنی ماسکە، بە مەرجێك بە دروستی و زانستییانە بەکاربێت، ئەگینا هەرگیز ئەم ئامانجە ناپێکێت. پێش بەستنی ماسك دەستەکانت بە ئاو و سابون بشۆ، یان ئەگەر دووربیت لە ئاو و سابون، دەتوانیت پاككەرەوەی ئەلکهولی بۆ دەستەکان بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ چرکە بەکار بهێنیت، بە وردی تێبینیی ماسك بکە بۆ هەر حاڵەتێکی کونبوون، یان دڕان، یان پچڕانی لاستیکەکانی. ماسك بە لاستیکەکانەوە بگرە ئینجا بیخەرە سەر لووت و دەم و، با چەناگەت داپۆبشێت، پاشان بەشی سەرلووت بەپێی شێوەی ئێسکی لووت بچەمێنەرەوە، تا هیچ بۆشاییەك جێ نەمێنێت، لە یاد نەکەیت کە هەرگیز نابێت دەستەکانت بەر ڕووی دەرەوەی ماسك بکەوێت، چونکە بە میکرۆب ئالوودە دەبێت، ئەگەر بە ڕێکەوت دەستت بەر ماسکەکەت کەوت، ئەوا پێویستە کە بە زووترین کات ماسکەکەت بگۆڕیت، هەروەها لەکاتی لابردنی ماسکدا، نابێت دەستەکانت بە هیچ شێوەیەك جگە لە لاستیکەکان بەر ماسکەکە بکەوێت، ئەگینا پێویست بە شووشتنی دەستەکان و گۆڕینی ماسك دەکات، لەکاتی تەڕبوونی ماسك پێویستە کە بیگۆڕیت، لەکاتی بەستنی ماسکدا دووربکەوە لە بەرکەوتنی دەستەکانت بە دەم و لووت و چاوەکان.




**بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەموو نەتەوە و ئاین و ئاینزا و هزرە جیاوازەکان ئازاد بن، دەنگ بە کاندیدانی پارتی بدەن**



# کە لە دەنگدان دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە چی دەکەیت؟

پاش گەڕانەوەت لە دەنگدان، هەوڵ بدە کە بە زووترین کات دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆریت، یان ئەگەر بەردەست نەبوو، ئەوا پاککەرەوەی ئەلکهولی دەست Alco-holic hand sanitizer بەکار بهێنە، لەکاتی لێکردنەوەی ماسك لە دەموچاو، پێویستە کە تەنیا لە ڕێگەی لابردنی لاستیکی سەر گوێیەکان ماسك لابرێت، ئینجا فڕێدانی ماسك لە شوێنی مەبەست، بێ ئەوەی کە دەستەکانت بەر ماسك بکەوێت، جگە لە لاستیکەکانی ماسك، ئینجا فڕێدانی لە سەنەتەی زبڵدا. پێویستە ئەمە بزانیت کە ڕووی ناوەوەی ماسك پاکە و میکرۆبی بەرنەکەوتووە، بەڵام ڕووی دەرەوەی ماسك بەردەوام بە میکرۆب ئاڵوودە دەبێت، بۆیە هەرگیز مەهێڵە کە دیوی دەرەوە، یان پێشەوەی ماسك بەر دەست و دەموچاو و لووت بکەوێت، چونکە بە میکرۆب ئاڵوودە بووە، ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك بە ڕێکەوت بەر دەستەکانت بکەوێت، ئەوا پێویستە کە بە زووترین کات دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆریت، یان بە پاککەرەوەی ئەلکهولی دەستت پاك بکەیتەوە.




## ڕێکخستنی کاتی وەرگرتنی ڤاک

لەبەر زیانە لابەلاکانی ڤاکسینی کۆڤید، کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری پاش وەرگرتنی دەزی ڤاکسینی کۆرۆنا سەر هەڵدەدەن و، لەوانەیە کە ڕێگە لە چوون بۆ هەڵبژاردن بگرن، بە شێوەی بێهێزیی گشتی لەش، سەرئێشە، هێڵنج، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، هەندێك جاریش هەستکردن بە سەرما، یان لەرز Chills، هەروەها ئازار و سووربوونەوە، یان ئاوسان لە شوێنی لێدانی دەرزی، واتە بەشی سەرەوەی قۆڵ، کە گەلێك جار هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە قورسبوونی قۆڵ، ئازاری جومگەکان، ئازاری گشتیی ماسوولکەکانی لەش. بە وەرگرتنی پاراسیتۆڵ نیشانەکانی وەکو ئازار و بەرزبوونەوەی

## بۆ خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ لەکاتی دواکەوتن لە ژووری دەنگداندا چی دەکەیت؟



ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێوان ئەو کەسانەدا بڵاودەبێتەوە، کە لە یەکتر نزیك دەبنەوە، بەتایبەتی کە ماوەی نێوانیان لە یەك مەتر کەمتر بێت، لێرەدا ڤایرۆسی کۆرۆنا بەم ڕێگەیانە لە کەسێکی تووشبوو بۆ کەسێکی دیکە دەگوازرێتەوە: بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ کە ڤایرۆس بگاتە دەم، یان لووت، یان چاوەکان، دەرپەڕینی پرۆشکی دەم و لووت لەکاتی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا، یان لەکاتی قسەکردن و هاوارکردندا، یان لەکاتی کۆکە و پژمیندا. ئەمەش ڕوونە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ژوورێکدا کە هەواگۆڕی Ventilation کەم بێت و، لە ژووری قەرەباڵغدا

## سین و ڕۆژی هەڵبژاردن

پلەی گەرمیی لەش سووك دەبن، هاوکات لەگەڵ دواخستنی کاتی وەرگرتنی ڤاکسین بۆ ماوەیەکی کورت پاش ڕۆژی هەڵبژاردن. بەگشتی هەموو جۆرەکانی ڤاکسینی کۆرۆنا دەبنە ئەگەری ئەم زیانە لابەلایانە، هەندێك کەس پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا، جا ژەمی یەکەمبێت یان ژەمی دووەم، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك دوچاری بێهێزی و ئازاری ماسوولکە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش دەبن، ئێستا لە هەرێمی کوردستان ماوەی نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی کۆڤیدی فایزەر بۆ ٨ هەفتە درێژکراوەتەوە، واتە زۆر بە کەمی لەگەڵ ڕۆژەکانی پێش ڕۆژی هەڵبژاردندا هاوکات دەبێت.







زیاتر و خێراتر بڵاودەبێتەوە، بۆیە لە هەر شوێنێکی ئاوادا، پێویستە کە ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ بە شێوەیەکی توندتر پەیڕەو بکرێن، کە بۆ هەموو لایەك ڕوونە و، بریتین لە بەستنی ماسك، پاراستنی دووریی کۆمەڵایەتی بە پێی توانا تەنانەت ئەگەر دووریی فیزیکی تەنیا یەك مەتریش بێت، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بەرکەوتن بە کەسانی دی، دوورکەوتنەوە لە دەستدان لە هەر ڕوویەکی ژوورەکە، وەکو دەرگا و پەنجەرە و مێز و کورسی، نەبادا بە ڤایرۆس ئالوودە بووبن، هەروەها دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە ماسك و دەم ولووت و چاوەکان.

# لە فەیسبووکدا چۆن پۆستێکی راپرسی بکەینەوە؟





ئەمرۆژانــە کــە دوا رۆژە گەرمەکانــی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــی عێراقــن، جیهانــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیــش هــەروا دێــت و جمــەی دێت و بازاڕیان گەرمە. بەشێکیان پۆست دەنووسن و هەندێك ریکلام و هەندێکــی دیکــەش راپرســی ئەنجــام دەدەن. تــۆڕی کۆمەڵایەتــی فەیسبوك لـە هەمـوو تۆڕەکانی دیکـە لـەو بـوارەدا قەرەباڵغترە، ئەوانەی شـارەزای دانانـی راپرسـی نیـن لـە فەیسـبوکدا بـەم شـێوازە دەتوانـن پۆسـتێکی راپرسـی دابنێـن.

لەسـەرەتادا هەژمـاری خۆتـان بکەنـەوە، پاشـان گروپێکـی فەیسـبووکی بکەنـەوە. دواتـر لـە لاپـەڕەی سـەرەکی گروپەکـە کـە هەمیشـە پۆسـتەکانتان لەوێـوە دەنێـرن، بەشـی سـێیەم هەڵبژێـرن. دواتـر دوگمـەی Add question کلیـك بکـەن. دواتـر ئـەو دەقەی وەك پرسیاری دەیهێنی بینووسە. دوای نووسینی پرسیارەکە، دەبێ بەشی وەڵامەکانیش دابنێی. بۆ ئەمەش لەسەر add poll options کلیك بکە. ئەوەندەی مەبەستتە دەتوانی پرسیار بنووسی. ئەگـەر فەرمانـی Allow anyone to add options کلیـك بکـەی، بەکارهێنـەران دەتوانـن لەسـەر وەڵامـەکان خاڵـی دیکـەش زیـاد بکـەن. لـە دواییـدا دوگمـەی post دابگـرە.

# لە دەنگدانی ئەلکترۆنیدا ساختەکاری دەکرێت؟

خاڵـە بـاش بـە هێزەکانی دەنگدانی ئەلکترۆنی ئەوەیـە کـە زۆر خێرایـە، زۆر وردبینـە، تێچوویەکی کەمی دەوێت، قەرەباڵغی و ترافیکی زۆر دروست نـاکات و ...تـاد. بـەڵام ئەگـەر بپرسـن ئایا لـە دەنگدانـی ئەلکترۆنیـدا ئەگـەری سـاختەکاری هەیـە؟ وەڵامەکـەی بەڵێیـە.. پەندێکـی کـوردی هەیـە دەڵێـت ئەگـەر دز و خـاوەن مـاڵ یـەك بـن، دەتوانـن گا بـە کولاوڕۆژنـەدا هەڵبکێشـن. لـە دەنگدانـی ئەلکترۆنیـش وایـە. هەربۆیـە ئەگـەر ناوەنـدی دەنگدان و لایەنێـك رێـك بکـەون، زۆر زیاتـر لـە دەنگدان بـە شـێوەی دەست ئەگـەری ساختەکاری هەیـە. هەربۆیـە لـە جیهانـدا ئـەو وڵاتانـەی لەگـەڵ دیموکراسـی و دەنگدانـی ئازادانـە و بـێ سـاختەکاری ناتەبـان، دەنگـدان بەشـێوەی ئەلکترۆنـی پەسـەند دەکـەن، بۆیـە لـە وڵاتانی وەکو بەرازیل، ڤەنزوێلا و کۆریای باشوور و تەنانـەت هینـد و عێراقیـش لایەنگـری ئـەو جـۆرە دەنگدانـەن. خاڵـی جێـگای سـەرنج ئەوەیـە ئـەو وڵاتانـەی دیموکراسـی تێیـدا خـاوەن دەسـەڵاتە، بـۆ نموونـە وڵاتانـی ئەوروپایـی، لەگـەڵ ئەوەیـدا لـە بـواری تەکنەلۆژیـاوە لـە لوتکـەدان، کەچـی وای بەبـاش دەزانـن دەنگـدان بەشـێوەی دەسـتی بـێ.






# دەنگدان بەشێوەی ئۆنلاین

یەکێك لـە شـێوازە نوێیەکانـی دەنگدان کـە بـە دوای پەرەگرتنـی جیهانـی ئینتەرنێت هاتۆتـە ئـاراوە، دەنگدانـە بەشـێوەی ئۆنلایـن. ئـەم جۆرە دەنگدانـە ئاسـانترین شـێوازی دەنگدانـە و ئەگـەر کێشـە نەیەتـە پێـش بـێ گرفتریـن شـێوازە کـە لـەودا سـاختەکاری تێـدا ناکـرێ.

سوودەکانی دەنگدانی ئۆنلاین

- بازنە و شوێنی جوگرافیای دەنگدەر ناناسێ، دەنگدەر دەتوانـێ لەوپەڕی جیهانیش بێت دەنـگ بـدات. قەرەباڵغـی نییـە. کەسـانی پیروپەککەوتـە بەبـێ ئـەوەی مانـدوو بـن و کێشـەیان بـۆ بێتـە پێـش لەسـەر مۆبایلەکـەی خۆیـان دەنـگ دەدەن.
- بەهۆی ئـەوەی سنوور و جوگرافیا ناناسێ، دەنگدەرێکـی زۆر بەشـداری دەکات و دەنگـدەر هیـچ مانـدوو نابـێ و کار وکاتـی بـە فیـڕۆ نـاڕوات.
- کەمکردنەوەی کات بۆ ژماردنی دەنگەکەکان.
- چاودێـری هێزێـك یـا لایەنێکـی سیاسـی کـە کێشـەی بـۆ دەنگـدەر دروسـت بـکات لـە گۆڕێـدا نییـە.




من أجل ترسيخ الأسس الديمقراطية الحقيقية ، صوت لمرشحي الحزب الديمقراطي الكوردستاني في بغداد الحضارة والجمال

# پارتی لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە کاردەکات لە پێناو دابینکردنی سەرجەم مافەکانی خەڵکی کوردستان



پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە خەبات دەکات لە پێناو نەهێشتنی گەندەڵی و بە سزاگەیاندنی گەندەڵکاران و، ڕێزگرتن لە سەروەریی هەرێمی کوردستان و عێراق، پارتی کار دەکات لە پێناو بێلایەنکردنی سوپای عێراق و ڕێگریکردن لە بە میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەی عێراق و، کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو میلیشیایانەی کە لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانن و، بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان، پارتی لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە کاردەکات لە پێناو دابینکردنی سەرجەم ماف و شایستەکانی پێشمەرگە و گشت خەڵکی کوردستان و، ڕێزگرتن لە پێشمەرگە وەك سیمبوڵی ئازادی.
لە پێناو ئەم ئامانجانە و بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێزمان هەبێت و، عێراق ببێتە عێراقی هەموان، داوا لە دەنگدەرانی خۆشەویست دەکەین، کە ڕۆژی هەڵبژاردن بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و لەوێ بە ویژدانەوە، دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، بەڵێ ڕۆژ ڕۆژی سەرکەوتنە و دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن. بۆ ئەو مەبەستە ڕاو و بۆچوونی چەندین هاووڵاتیانمان لەسەر دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان وەرگرتووە:





**في ايام المحن والمصاعب وقفنا لبعضنا البعض، من أجل الا تتكرر المحن ومعاناة النزوح، امنحوا اصواتكم لمرشح الحزب الديمقراطي الكوردستاني في انبار الكبرياء والشموخ**





ستافی سالۆن دانێلا ڤی ئای پی:

## ئێمەش ڕۆژی دەنگدان ڕازاندنەوەی بووک دەکەین بەخۆڕایی وەک پاڵپشتیەک بۆ کاندیدانی پارتی




لە ئێستاوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، کە دڵنیاین دەنگێکی زۆر بە دەست دەهێنن، ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە وەك جەژنێکە، بۆیە ئێمەش وەك سالۆن دانێلا خەڵاتی خۆمان هەیە، بۆ ئەو خانمانەی ئاهەنگی گواستنەوەیان دەکەوێتە ڕۆژی هەڵبژاردن و، لە ئێستاوە لە پێشوازییاندا دەبین و، ڕازاندنەوە و تەواوی کاری بووکەخان دەکەوێتە ئەستۆی سالۆنەکەمان، ئەگەرچی ئەوە دیارییەکی زۆر بچووکە بەرامبەر پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام بەپێی خزمەت و کاری خۆمان، لە خزمەتکردنی پارتەکەمان بەردەوام دەبین، چونکە پارتێکە شایانی زۆرترین قوربانیدان و گیانبەختکردنە، پێویستە هەموو خەڵك دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن، تا ئەو ئازادییەی کە ئێمە ژیانی تیایدا دەگوزەرێنین، هەر بەردەوام بێت.



بارزان ڕزگار ئەحمەد:

# پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکات بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کوردستان

وەك پێشمەرگەیەك دەنگ بە پارتی دەدەم، چونکە کار بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی کوردستان دەکات، ئەوە پارتییە کە دەتوانێت ژیانێکی باشتر و کەشێکی ئارامتر بۆ کوردستانیان فەراهەم بکات، ڕابردووش سەلماندوویەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات شانی داوەتە بەر نەهامەتییەکان و، بووەتە پارێزەری مافە شەرعی و دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان.


بۆیە دەنگ بە کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، چوونکە پارتی ٧٥ ساڵی تەمەنی خۆی لەسەر ڕێبازی بارزانی خەباتی کردووە، کە ڕێبازی بەرخودان و سەرهەڵدانە، لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا ڕوبارێك خوێنی تێکەڵ بەو خاك و ئاوە کردووە.




**تعزيزا للأخوة العربية الكوردية اخترنا (الدكتور هيثم المياحي) مرشحا للحزب الديمقراطي الكوردستاني في كربلاء الحسين (ع)**

شیلان عەلی:


## پارتی هەمیشە قەڵایەکە بەرامبەر داگیرکەران و نەیارانی دەوروبەر و دوژمنانی کوردستان



بە ناحەزانی ئەم گەلە دەڵێم، هەرچی بوختان و درۆ هەیە بیکەن، هەرچی ڕق و کینە لە ناختاندایە هەڵیڕێژن، ئێمە بەگوڕ و تینتر دەبین لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانمان، پارتی هەمیشە بەهێزە و ناکەوێت، بۆیە با دوژمنان چی دەکەن بیکەن، ناگەن بەو پێگە جەماوەرییەی کە پارتی هەیەتی، پارتی بە درێژایی مێژوو خەباتی لە پێناو مافەکانی کورد و کوردستان کردووە، بێگومان دەستەوەستان نابێت لەبەرامبەر ئامانجە گڵاوەکانی دوژمنان و، هەمیشە قەڵایەکە بەرامبەر داگیرکەران و نەیارانی دەوروروبەر و دوژمن، بۆیە با پارتەکەمان یەکەمی سەر هەرێم و عێراق بێت، تا بە سەرۆکایەتیی سەرۆك بارزانی و سیاسەتی دروستی پارتی، بە ئامانج و خەونەکانمان بگەین.

ڕابەر مەحمود عەباس:

## ئەگەر پارتی غایب بێت لایەنەکانی دیکە هانی بەغدا دەدەن بۆ دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان



بێگومان هەر هەڵبژاردنێك بارودۆخ و دەرهاویشتەی خۆی هەیە، نەخاسمە ئەو هەڵبژاردنە کە زادەی جووڵانی شەقامی عێراقییە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی، من ئەو هەڵبژاردنە بە سەنگی محەك دەزانم، چونکە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری شومەوە تائێستا، کورد لە حکوومەتداری و دیبلۆماسییەتدا ئامادەترە، بۆیە پێویستە سەنگی پەرلەمانی کوردیش هاوشانی سەنگی حکومەتداری لە ناوخۆ و دیبلۆماسیەتی بێت لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، هەرچی پەیوەستە بە لایەنە کوردییەکان لە ڕابردوو، بۆ خەڵك ڕوون بووەتەوە کە تا پارتی لە بەغدا بەهێزتر بێت، کوردستان و مافەکانی پارێزراوتر دەبن، کاتێکیش پارتی بەهێزی سیاسی لە بەغدا غایبە، لایەنەکانی دیکە هانی بەغدا دەدەن بودجە ببڕێت و پێشڕەوی هێزە عێراقییەکان دەکەن، بۆ لە ناوبردنی ئەو ئەزموونەی کە هەیە، بۆیە با پشتیوانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەهێز بێت و پێگەی کوردیش لە عێراقدا بەرچاوتر و بەرزتر بێت.

نارین عەبدولقادر ساڵح:

## چەند کاندیدی پارتی لە بەغدا زۆرتر بن پێگەی کورد بەهێزتر دەبێت



بێگومان هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە لە عێراقدا و بەشداریکردنمان بۆ بەهێزکردنی پێگە ی کوردە، چەند کاندیدی پارتیمان لە بەغدا زۆرتر بێت، پێگەی کورد بە هێزتر دەبێت، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەر و داکۆکیکارە لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەم، پارتی هەمیشە داکۆکیکاری سەرسەختی پرسی ئافرەتە لە نێو کۆمەڵگا و کایەی سیاسیدا، جگە لەوە پارتێکە ساڵانێکە لەسەر پرسی ستراتیژیی سەربەخۆبوونی کوردستان دەستەوەستان نەبووە، لەم بارودۆخەی ئێستادا تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەتوانین پێگەمان لە بەغدا بەهێز بکەین، پارتی هەمیشە پارتی یەکەم و پارتی خەڵکە، بۆیە دەنگدان بە پارتی ئەرکی هەموانە، با هەموو دەنگمان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.





تجربة إقليم كوردستان في البناء والأعمار و توفير الخدمات تجربة ناجحة بكل المقاييس، لتكرار تلك التجربة لأبناء واسط الكرام، صوتوا لمرشحنا في مدينة الكوت

حيدر محمد علي


دەنگدان بە
پارتی دەنگدانە
بە ڕاستگۆیی و
بەرپرسیارێتی.
بۆ داهاتوویەکی
باشترو
وڵاتێکی ئارام و
خۆشگوزەران،
پارتێکی بەهێز
هەڵبژێرە...

# کەرکووک بۆ پارتی خاک و مێژوو و خوێنە، کوردستان و پێکەوەژیانە



بۆ داهاتوویێکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران پارتیێکی بەهێز هەڵبژێرە...

Weekly Gulan October 4, 2021 Issue,No.1287

# با پێکەوە سیاسەتی ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و گەشەی ئابووری و سازانی سیاسی بەهێزتر بکەین



بۆ داهاتوویێکی باشتر و وڵاتێکی ئارام و خۆشگوزەران پارتێکی بەهێز هەڵبژێرە...